ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/358280345

# هەندێک هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزای تاڵەبانی"دا

**Article** *in* Journal of Garmian University · December 2021

DOI: 10.24271/JGU.2021.143313

CITATIONS
0

READS
1,024

**3 authors**, including:

Khoshnaw Azeez Hama Ameen
University of Raparin

**24** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

Mustafa Said Miina
University of Raparin

**1** PUBLICATION **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Khoshnaw Azeez Hama Ameen on 02 February 2022.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080302

# هەندێک هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزای تاڵەبانی"دا

خۆشناو عەزیز حەمەئەمین
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
مستەفا سەید مینە مستەفا
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە . قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین

*Article Info*

Received: October , 2021
Accepted : Noember ,2021
Published :Desember ,2021

*Keywords*

**ڕەوانبێژی ، جوانکاری ، شیعر ، شاعیر ، هونەر ، بەکارهێنان.**

*Corresponding Author*

khoshnaw.aziz@uor.edu.krd
mustafaysayid@uor.edu.krd

**پوختە**

ئەدەب بەشێکی سەرەکییە لە کەلتور و ڕۆشنبیری و ناسنامە و بەرەوپێشچوونی زۆربەی گەلانی سەر ڕووی ئەم زەمینە، بە گوتەیەکی دیکە ئەدەبیاتی کۆن و بەرهەمی شاعیرانی هەر گەل و میللەتێك، بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووەکەی، و گرنگیپێدان و لێتوێژینەوەی ئەم سامانەش، مایەی ڕووناککردنەوەی ڕێگە تاریکەکانی ئەمڕۆ و هەنگاونانە بەرەو ئایندەیەکی گەش... توێژینەوەش دەربارەی هەر بابەت و لایەنێکی ئەدەب نرخ و بەهای خۆی دەبێت، تایبەت لە چوارچێوەی شاعیرێکی دیاریکراودا، بۆیە ئەم باسە بۆ (هەندێک هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزای تاڵەبانی"دا) تەرخانکراوە، چونکە کارێکی سەربەخۆی لەبارەوەنەکراوە، ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی کتێبە ئەدەبییەکاندایە و کورتە، لە لایەکی دیکەوە شێخ ڕەزا یەکێک لەو شاعیرە سەرکەوتووانەیە، زۆر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە و وەستایانە ئەسپی خۆی لەم بوارەدا تاوداوە.

هێڵە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە میتۆد و توێژینەوەی شیکەرەوەی پەسنکەرانەی پراکتیکییە. هێنانەدی ئامانجەکانیش وایخواستووە جگە لە پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە باسەکەوە، بە پێی پلانێک بۆ دوو بەش دابەشبکرێت، بە جۆرێک: بەشی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە، کە ڕەوانبێژی و ئامانج و مێژووەکەی لەگەڵ زانستەکانی لە دوو تەوەرەدا باسکراون، بەشی دووەمیش لایەنی پراکتیکی کارەکەیە، و تەوەرەی یەکەم بۆ ناساندنی شاعیر و شیعرەکانی تەرخانکراوە، تەوەرەی دوومیش چۆنیەتیی بەکارهێنان و دەرکەوتنی هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری شاعیردا دەگرێتەوە، و هەوڵدراوە بە شێوەی شیکاری و نموونەهێنانەوە بابەتەکان بخرێنەڕوو.

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە چەند خاڵێکدا، و ڕیزکردنی سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان لە کۆتاییدا، لەگەڵ ئەم پوختەیە بوونە کۆتایی ئەم هەوڵە.

## پێشەکی

ڕەوانبێژی بە دیارترین و بەرفرەوانترین هونەرە ئەدەبییەکان دادەنرێت، کە پانتایەکی زۆری لە هونەری شیعری بۆ خۆی گرتووە، بۆیە دەکرێت بگوترێت: هەر ئەو پایە گرنگەیەتی، وایکردووە زۆرترین بیروڕای جیاواز لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە لە بارەی چەمک و پێناسە و بنەما و جۆرەکانییەوە بخرێتەڕوو، هەروەها وەکو لایەنێکی سەرەکی و گرنگ و دیاری ئەدەب لای زۆربەی شاعیرانی کورد و دراوسێ گرنگی پێدراوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا باس لە (هەندێک هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزای تاڵەبانی"دا) دەکرێت، چونکە یەکێک لەو شاعیرە سەرکەوتووانەیە، زۆر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە و وەستایانە ئەسپی خۆی لەم بوارەدا تاوداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کارەکە بۆ توێژینەوە لە چۆنیەتیی ناساندن و بنەما و بەشەکانی زانستی ڕەوانبێژی لە شیعردا و شیعرەکانی شێخ ڕەزا بە تایبەت تەرخانکراوە، واتە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی چۆنیەتیی بەکارهێنانی لایەنەکانی ئەو زانستە لە شیعرەکانی شاعیردا، بۆیە بواری توێژینەوەکە دەبێتە هونەر و بنیاتی شیعری، و لە نێو ئەم لایەنەشدا بابەتی ڕەوانبێژی بە ئامانج گیراوە، و هەوڵدراوە باڵادەستیی شاعیر لەم هونەرەدا دیاریبکرێت.

٠ . ١: هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

هەرچەندە زۆرێک لە نووسەران و ئەدەبناسان شێواز و پێکهاتەی شیعرەکانی شێخ ڕەزایان کردووە بە کەرەستەی توێژینەوەکانیان، بەڵام نووسین و توێژینەوەی سەربەخۆ لە لایەنی ڕەوانبێژییەوە وەک ئەوەی بزانرێت دەربارەی شیعرەکانی دەگمەنە، لە لایەکی دیکەشەوە توانست هونەری و ڕەوانبێژی شاعیر لە نموونە دیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردییە، بۆیە ئەمانە وایانکرد لەم لایەنەوە کارێك لە بارەی شیعرەکانییەوە بکەین.

٠ . ٢: سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە شێوەزاری (بابان)ی دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاست، کە ڕێچکەی ستانداردبوونی وەرگرتووە نووسراوە، کەرەستەی بەکارهاتووی توێژینەوەکەش بریتییە لە شیعرە کوردییەکانی شاعیر لە دیوانەکەیدا، کە لە کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی (شێخ محەمەدی خاڵ ، ئومێد ئاشنا)یە، چونکە بە تێڕامان لە دیوانە جیاجیاکانی شاعیر دەرکەوت، کە ئەوەیان زانستیانەتر و ڕاسترە.

٠ . ٣: میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە و هێنانەدی ئەنجامە دیاریکراوەکان، میتۆدی نووسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی شیکاریی پەسنی (وەسفی) پراکتیکی پێڕەوکراوە، بە شێوەیەک هەوڵدراوە بابەتەکان بە پێی بۆچوونی زانایان و ئەو توێژینەوانەی لە بارەیانەوە کراوە، لە ڕووی چیەتی و چۆنیەتییەوە ڕوونبکرێنەوە، دواتریش بە پێی پێویستی ئەو بابەتانە نموونەیان بۆ بهێنرێتەوە، واتە سەرچاوە ڕەوانبێژییەکان دەکرێنە پێودانگ بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانی شاعیر.

٠ . ٤: گرینگی کارەکە

ئەنجامدانی هەر کارێکی زانستی بۆ تەواوکردن و نەهێشتنی کەموکورتییەکانی بەردەمیەتی، ئەم توێژینەوەیەش وەک هەر هەوڵێکی دیکە بە بێگومانی لە کەموکورتی بەدەر نییە، بەڵام دەگونجێت گرینگی ئەم کارە لەوەدا دیاری بکرێت، کە کەلێنێکی دیکە لە ناتەواوییەکانی ڕەوانبێژیی کوردی بە گشتی و توێژینەوە لە شیعرەکانی شاعیر بە تایبەتتر پڕدەکاتەوە، چونکە جگە لە ناساندنی زانستی ڕەوانبێژی و بەش و بنەماکانی هەوڵدراوە هەندێک لە بنەما و وردەکارییەکانی هونەرەکانی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزا"دا بخرێنەڕوو، وەک یەکێک لە ڕابەران و سەردەستەی قوتابخانەی شیعری بابان لە ناوچەی گەرمیاندا.

٠ . ٥: گیروگرفتی توێژینەوەکە

هەر هەوڵ و کارێکی زانستی لە کاتی ئەنجامدانی چەندین گرفت دێنە ڕێگەی، لە گیروگرفتە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش فرەوانی بابەتی توێژینەوەکە، لەگەڵ بوونی بۆچوونی جیاوازیی نووسەران، و یەکنەبوونی زاراوە ڕەوانبێژییەکانبوون.

٠ . ٦: ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە نیشاندانی هەندێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییە لە شیعرەکانی شاعیردا، بە هەموو پێوەر و خاسیەتەکانیانەوە، لە هەر سێ بەشی (جوانکاری . البدیع) و (ڕوونبێژی . البیان) و (واتاناسی . علم المعانی)، وەک هۆکاری ڕازاندنەوە و جوانکردنی دەقە شیعرییەکانی بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە، لەگەڵ دیاریکردنی وەستایی و لێزانی شاعیر لە بواری ڕەوانبێژیدا.

٠ . ٧: ستراکچەری توێژینەوەکە

بۆ دەستبەرکردنی ئەم بنەمایانەی پێشوو، یاخود هێنانەدی ئامانجەکان سروشتی کارەکە وایخواستووە جگە لە پێشەکی و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، کە سەرەتایەکن بۆ چونە نێو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی سەر دوو بەش بکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە بە ناونیشانی (سەرەتایەک بۆ ڕەوانبێژی و لقەکانی)یەتی، کە دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (پوختەیەک دەربارەی ڕەوانبێژی بە گشتی)یە، کە تێیدا هەریەکە لە چەمک و زاراوەی ڕەوانبێژی و پێناسەکردنی، لەگەڵ ڕۆڵ و ئامانجەکانی و کورتەیەک لە مێژووەکەی خراونەتەڕوو. تەوەرەی دووەمیش لە ژێر ناوی (زانست و لقەکانی ڕەوانبێژی و ئامانجەکانیان)دایە، و گرنگترین لقەکانی ئەو زانستە لە ڕووی چەمک و زاراوە و پێناسەکردنەوە، لەگەڵ ڕۆڵی هەریەکەیان خراونەتە بەرباس.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە زۆرتر لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکەیە، بۆ (شێخ ڕەزا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیدا) تەرخانکراوە، و دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت: تەوەرەی یەکەم: بۆ (شێخ ڕەزا و شیعرەکانی)یەتی، کە کورتەیەک لە بایۆگرافیای شاعیر و گرنگترین خاسیەتی شیعرەکانییەوە نیشاندراوە. تەوەرەی دووەم: بۆ باسکردن و شیکردنەوەی (هەندێک لە

هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزا"دا)یە، کە تێیدا گرنگترین هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە هەر سێ لقەکانی (جوانکاری، واتاناسی، ڕوونبێژی) لە شیعرەکانیدا بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

سەرەتایەک بۆ ڕەوانبێژی و لقەکانی

١ . ١: پوختەیەک دەربارەی ڕەوانبێژیی بە گشتی

١ . ١ . ١: چەمک و زاراوەی ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی زانستێکی کۆنە و بوارێکی زۆر فرەوانە، و بەهۆی ئەوەی لە دێر زەمانیشەوە هەبووە، بۆیە سەرنجی شارەزایانی ئەو بوارەی ڕاکێشاوە، و بە پێی زەمانەکان زاراوە و ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر لە بارەیەوە هەیە، لێرەدا هەندێکیان دەخرێنەڕوو:

ڕەوانبێژیی کوردی زۆرتر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبییەوە سەریهەڵداوە، بۆیە "سەرەتا لە زاراوەی (البلاغة)ی عەرەبییەوە دەستپێدەکەین، چونکە لە زمانی کوردیدا زاراوەی ڕەوانبێژی بەرانبەر بە وشەی (البلاغة)ی عەرەبی بەکارهاتووە، لە سەرچاوە ڕەوانبێژییەکاندا وشەی بەلاغە بە چەند واتا و ئاماژەیەک هاتووە، لە سەرەتادا بە واتای (گەیشتن) هاتووە، گەیشتن بۆ شوێن یان کات یان مەبەست، دواتر لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زانستی ڕەوانبێژی چەمکی ڕەوانبێژیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە" (جامی، ٢٠١٦: ٤)، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە یەکێکە لە تایبەتییەکانی زاراوە لە هەر زمانێکدا زۆرجار "گواستنەوەی وشەیەکە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر کەوابوو هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە" (بەسیر، ١٩٧٩: ٤٤)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وشەی (البلاغة) لە وشەیەکی ئاساییەوە بووە بە زاراوەیەکی ئەدەبی بۆ ناونانی ئەو زانستەی "هەر لە کۆنەوە شاعیران پەنایان بۆ بردووە، بۆ ڕازاندنەوەی شیعر و دروستکردنی وێنەی هونەری سەرنج ڕاکێش" (جامی، ٢٠١٦: ٤). هەروەها لە فەرهەنگی (لسان العرب)یشدا بە واتای زمانپاراوی هاتووە، یان زمانپاراوی و جوان ئاخاوتن لەگەڵ واتای ئەو کەسە ڕەوانبێژە، یا شێوەی ئاخاوتنەکەی جوانە، زمانپاراوە، و کەسێکە کرۆك و ڕاستی و ئامانجی ئەو بابەتە دەپێکێت، کە لە بارەیەوە دەدوێت (الميصري، ١٤٣:٢٠٠٣)، ئەم واتایەش لەگەڵ چەمکی ڕەوانبێژی لای یۆنانییەکان یەکدەگرێتەوە، کە پێیان وایە "دابەشکردنێکی دروست و گونجاوە لەگەڵ هەڵبژاردنی وشەی پوخت و جوان" (عومەر، ٢٠١٨: ١٠٥٦).

لە زمانی ئینگلیزیشدا لە بەرانبەر وشەکانی ڕەوانبێژ و ڕەوانبێژی هەریەکە لە (Rhetor) و (Rhetoric) و (Figure of Speech) بوونیان هەیە، کە بەپێی فەرهەنگی (ئازادی) وشەی (Rhetor)، ماناکەی: (مامۆستای ڕەوانبێژی ، ڕەوانبێژ و وتاربێژ)ە، هەرچی وشەی (Rhetoric)یشە بەم مانایانە لێکدراوەتەوە: "١. هونەری ڕەوانبێژی، هونەری زمانپاراوی ٢. پەرتوکێك، یان باسێك دەربارەی ڕەوانبێژی ٣. هونەری وتاربێژی ٤. پەخشان، پەخشاننووسین ٥. زیادەڕۆی و پێلێهەڵبڕین و ڕازاندنەوەی زمان لە نووسین و دواندان ٦. قسەی زل (گەورە) و بۆش"، (Figure of Speech)یش، مانای "مەجاز ، ڕەوانبێژی" دەگەیەنێت (قەرەداغی، ٢٠٠٦ : ٣٦٠ : ٨٢٦)، هەروەها لە فەرهەنگی (Oxford)دا وشەی (Rhetoric)، ماناکەی کارامەیییە لە بەکارهێنانی زمان لە ئاخاوتن یان نووسیندا بە شێوەیەکی وا، کە کاربکاتە سەرخەڵك و دڵخۆشیان بکات، هەرچی وشەی (Figure of Speech)یشە وشەیەکە یا فرێزێکە بە شێوازێکی جیاواز لە واتا ئاساییەکەی خۆی بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی کاریگەریی تایبەت دروستبکات (Hornby, 2004: 472 &1097).

لە کوردیشدا بۆ ئەو زانستەی تایبەتە بە "دەربڕینی مانا و مەبەست بە وشەی ڕەوان و گونجاو لەگەڵ باری پێویستی کەسی بۆوتراو" (گەردی، 2013: 11)، زاراوەی (ڕەوانبێژی) بەکاردەهێنرێت، کە وشەیەکی ناسادەیە یا ناوێکی واتاییە، و لە ئاوەڵناوی لێکدراوی (ڕەوانبێژ)ی ڕۆنراو لە ئاوەڵناوی (ڕەوان)، کە بە مانای (ڕەوانی) یان (خوێندنەوەی بێگرێکردن) دێت، لەگەڵ (بێژ)ی ڕەگی لە چاوگی (بێژتن/گوتن)ەوە وەرگیراو، و مۆرفیمی وشەدارێژی (ی)، کە وەك پاشگر چووەتە سەر (ڕەوانبێژ)، و پۆلە ئاخاوتنەکەی لە ئاوەڵناوەوە بۆ ناو گۆڕیوە پێکهاتووە (حسێن،٢٠١٤ :٢٣) لە فەرهەنگی (خاڵ)یشدا ڕەوانبێژی بە واتای "جوانی و ڕەوانی لە نووسین و گفتوگۆدا"، و (ڕەوانبێژ)یش وەکو ناوی بکەر بە واتای "کەسێک گفتوگۆ و نووسینی زۆر جوان و ڕەوانبێت" هاتووە (خاڵ، ٢٠٠٥ : ٢٢٧). لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)یشدا ڕەوانبێژ بەواتای "دەمپاراو ، قسەڕەوان" هاتووە (هەژار، ١٣٦٩ : ٣٦٢)، کە بەرانبەر (البيلغ)ی زمانی عەرەبی دەوەستێتەوە، هەرچەندە (عەلائەدین سەجادی) لە کتێبی (خۆشخوانی)دا گوتویەتی "بۆ (بليغ) من بە لامەوە پاراو جێگای خۆیەتی" (سەجادی، ١٩٧٨: ٦)، بەڵام زۆرتر ڕەوانێژەکە لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا جێگە و ڕێگەی خۆی گرتووە، و بەکاردێت.

پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێت، کە لە زمانی کوردیدا جگە لە ڕەوانبێژی "ئەتوانرێ بوترێ وشەی (خۆشخوانی)ش هەر چەشنی مەبەست ئەدا بە دەستەوە" (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو)، واتە لە ئەدەبی کوردیدا زاراوەی (خۆشخوانی)ش بۆ ڕەوانبێژی بەکارهاتووە، تەنانەن کتێبێکی تایبەت بەو ناوە لە بارەی ئەم زانستەوە چاپکراوە، بەڵام ئەم زاراوەیە جێگا و شوێنی خۆی نەگرتووە.

دوای ئەم خستنەڕووانە دەتوانرێت بگوترێت: ڕەوانبێژی واتا وشەییەکەی لە زاراوەییەکەی جیایە:

. **لەڕووی وشەییەوە:** دەمپاراوی و قسەڕەوانی قسەکەرە بۆ گوێگر، یاخود گوێگران لە گفتوگۆ و قسەکردن لەگەڵ کەسانی بەرانبەردا، بەبێ وەستان و دەم تەتەڵەکردن.

. **لە ڕووی زاراوەییەوە:** بریتییە لە نواندنی هونەر لە (نووسین) و (قسەکردن)دا، کە لە گەلێک ڕووەوە پێناسەدەکرێت و باسدەکرێت لە بابەتی دواتری ئەم بەشەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو.

هەرچی چەمکی ڕەوانبێژییە، ئەوا ڕاوبۆچوونی جیاواز لە بارەیەوە خراوەتەڕوو، و هەریەکەیان بە پێی سەردەم و تێڕوانینی نووسەرەکانیان جیاوازن، لێرەدا بە پێی سنور و پێویستی بابەتەکە چەند دانەیەک دەخرێنەڕوو:

. "ڕەوانبێژی چارەسەری پلە و هێزی کاریگەری دەکات لە کەسی بەرامبەر بۆ ڕازیکردنی لەگەڵ خستنەڕووی مەبەستی (نێرەر)، کە دەیەوێت پێی بگات" (دزەیی، 2015: 22)، واتە ئەو کاریگەرییە بە قسە و پەیامێکی دیاریکراو دەبەخشێت، تاوەکو کاربکاتە سەر بەرانبەر و ئامانجی دیاریکراو بهێنێتەدی.

. لە تێڕوانینێکی دیکە بۆ چەمکی ڕەوانبێژی گوتراوە: "دەربڕینی واتای باڵا و ڕەوانە بە واژەی پاراو و گونجاو" (جامی، ٢٠١٦: ٥)، ئەوەی لەمەوە دەردەکەوێت: ڕەوانبێژی هونەری هاوتاکردنی نووسین و قسەکردنە لەگەڵ دەوروبەردا بە پێی ویست و مەبەستی نووسەر و قسەکەر.

لە کتێبی (جواهر البلاغة)دا هاتووە، کە "ڕەوانبێژی دەربڕینی بەرز و ڕوونە بە واژەی پاراو و دروست، کە کاریگەریێت لەسەر دەروون" (الهاشمی، ٢٠٠٦ : ٥)، بۆیە دوای ئەم ڕوونکردنەوانە دەتوانرێت بگوترێت: ڕەوانبێژی هاوتاکردنی نووسین و ئاخاوتنە بە پێی پێویستی قسەکەر و ئامانجەکەی.

١ . ١ . ٢: پێناسەی ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی، یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ئەدەب، کە بەبێ ڕەوانبێژی ئەدەب هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زانستە سادەکانی کیمیا و فیزیا و قسەی ئاسایی سەرزاری خەڵك نابێت ... ڕەوانبێژیش زانستێکی کۆنە و بوارێکی زۆر فرەوانە، لەبەرئەوەی لە کۆنەوە هەبووە، بۆیە سەرنجی شارەزایانی ئەو بوارەی ڕاکێشاوە، و بیروبۆچوونی زۆر و جیاواز دەربارەی لە ئەدەبی جیهانی بە گشتی و ئەدەبی کوردیشدا بە تایبەتی هەیە، بە گوتەیەکی دیکە ڕەوانبێژی یەکێکە لە زانستە گرنگەکانی ئەدەب، و لە چەندین ڕووەوە پێناسەکراوە، هەر پێناسەیەکیش بە پێی ئەزمون و توانست و سەلیقەی ئەدەبی هەریەک لە توێژەرەکان جیاوازن، لێرەدا بە پێی پێویستی بابەتەکە و بۆ زیادتر ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی بە شێوەیەکی گشتی بۆچوون و تێڕوانینی چەند ئەدەبناس و نووسەرێک دەخرێنەڕوو:

ڕەوانبێژی "هاوچەشنی وشەکانە بۆ بارودۆخێکی پێویست، لەگەڵ ڕەوانی دەربڕینەکاندا" (الهاشمی، ٢٠٠٦: ٣٥) ئەوەی لەم پێناسەیەدا جەختی لێکراوەتەوە ڕەوانی لە دەربڕین و چۆنیەتیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشەیە، کە ڕەگەزی سەرەکی شێواز و بەرهەمهێنانی دەقە.

(عەلائەدین سەجادی)ش پێی وایە، کە "بریتییە لە دەربڕینی کۆمەڵە گوزارایەکی فراوان لە قاڵبی چەند وشەیەکی کەمدا" (سەجادی، ١٩٧٨: ٧)، لە تێڕوانینی (عەبدولواحید موشیر دزەیی)شەوە "ڕەوانبێژی بە هونەری دەربڕین ناسراوە، (هونەر) بەکارهێنانی تاکی زمانە" (دزەیی، ٢٠١٥: ١٧)، هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە، کە "ڕەوانبێژی واتای بەرز و ڕوون بە واژەی پاراو و دروست، کە کاریگەریێت لەسەر دەروون دەردەبڕێت" (حسێن، ٢٠١٤: ٢٤)، کەواتە ڕەوانبێژی لەو هونەر و دەستور و بنەمایانە دەتوێژێتەوە، کە دەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی، چونکە "ئەو زانستەیە وا لە هزری شاعیر دەکات کە بتوانێت بە شێوەیەکی ڕێك و گونجاو وشەکان لە جێگەی خۆیاندا ببینێت و دژایەتییان لەگەڵ ئەوانی تردا دروستنەکات، واتە لە ڕووی ڕووکەشەوە ئاسایی بن، بەڵام لە ڕووی ماناوە دەلالەتی قووڵەوە زۆر دووربن لە دەربڕینی سادەی ڕۆژانەدا" (ئەحمەد، 2009 : 78).

لە تێڕوانینی یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی بواری ڕەوانبێژیی کوردییەوە، کە (عەزیز گەردی)یە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی)دا گوتویەتی: "بۆ ئەوەی قسەیەك یان نووسینێك بکەوێتە بەر بڵێسەی گەشی ڕەوانبێژی پێویستە ڕەوانییەکەی لە دوولاوە بێت، لە لایی وشە و لە لایی گوزارە"، یان بە شێوازێکی دیکە پێی وایە "هەر قسەیەک کە ئەوترێت یا ئەنوسرێ ئەو کاتە ئەکەوێتە ژێر ئاڵای ڕەوانبێژی و دەنگ ئەداتەوە کە بچێتە دڵی گوێگر و گوێگر بخاتە سەر هەست و سۆزێکەوە، کە هی قسەکەرە ئەگەر وانەبێ ڕەوان نییە لە جۆش و خرۆشێکی گەرمەوە هەڵنەقووڵاوە" (گەردی، ١٩٧٢: ١٦ & ١٧).

دوای ئەو پێناسە و تێڕوانینەی پێشوو دەکرێت بگوترێت: ڕەوانبێژی بە هۆی ئەوەی بابەتێکی فرەوانە، بە ئاسانی ناتوانرێت گوزارشتی لێوەبکرێت و پێناسەیەکی گشتگیری لە بارەوە بخرێتەڕوو، بۆیە ئەوەی گوترا بەس نییە بۆی، بەڵام هەرچی چۆنێک بێت لە ئێستادا لە لای زۆر کەس ڕەوانبێژی وەکو ڕەخنە دیاری دەکرێت، کە لایەنە سەرکەوتوو و خراپەکانی بابەت و دەقی ئەدەبی دەخاتەڕوو، ئەمە جگە لەوەی وادەکات کەسی گوێگر باشتر لە دەقەکان تێبگات و لێکدانەوەیان بۆ بکات، هەروەها کاریش بکاتە سەریان، واتە بریتییە لەو زانستەی کە کار لە دەقێکی ئەدەبی دەکات و شیعرییەتی دەقەکە دیاری دەکات و لە ڕێگەیەوە نادیارەکانی بەرجەستە دەبن، هەر ئەم زانستەشە کە هاوکارێکە یارمەتی دەستنیشانکردنی زمانپاراوی دەدات (حسێن، ٢٠١٤ : ٢٩)، بەو واتایەی ڕەوانبێژی بەهای دەقە ئەدەبییەکان دەردەخات، و دەورێکی گرنگ و باڵای هەیە لە نیشاندن و دیاریکردنی زمانپاراوی و جواننووسی لە نووسیندا و لێهاتوویی و قسەڕەوانی لە قسەکردندا، یاخود "ڕەوانبێژی جگە لە یاریکردن بە وشە و واتا، ڕوونکردنەوەی واتا و بەخشینی چێژە بە دەروونی مرۆڤ، کە تێیدا قسەکەر مەبەستی شتێک بێت و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەیخاتەڕوو، لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازێک لە قسەکردن، کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی بەرانبەردا، لەگەڵ باشی دەستپێکردن و کۆتایی هاتن، بۆ ئەوەی بەرانبەر پێی ڕازی بێت و وتەکان کاریگەربن لەسەر دەروونی گوێگر، یان خوێنەر" (جامی، 2016 : 5).

١ . ١ . ٣: ڕۆڵ و ئامانجەکانی ڕەوانبێژی

هەر زانستێک چەندین ڕۆڵ دەبینێت و بۆ چەند ئامانجێکی سەرەکییە، ڕەوانبێژیش وەك زانست چەند ڕۆڵ و ئامانجیکی گرنگی هەیە، کە لێرەدا هەوڵدەدەرێت ئاماژە بە گرنگترین ئامانج و ئەرکەکانی بدرێت:

١. گەیاندنی سوود و پێدانی چێژە لە ڕێگەی واتای نوێ و داهێنراوەوە، ئەم کارەش بە زۆری لە ڕێگەی زمانی میتافۆر و لادانە زمانییەکانەوە دەهێتەدی. (جامی، 2016 : 5)

٢. جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقی ئەدەبییە، چونکە زانستی ڕەوانبێژی بەدواداچونی ئەو ڕستە تایبەتانەیە، کە سوودبەخشن و جوانیان پێوەدیارە.

٣. ڕەوانبێژی جۆرێکە لە داتاشین، و پێدانی سفت و سۆڵی بە ڕووکاری دەرەوەی دەقەکان، کە ئەمەش و وادەکات، وەك پەردەیەك دەربکەوێت و بدرێت بەسەر ناوەرۆکدا ئەگەر لاوازیش بێت.

٤. ڕەوانبێژی، بۆ خۆپاراستنە لەو هەڵانەی ڕوو لە مانا دەکەن.

٥. دابڕینی دەقە لە قسەی ئاسایی و بازاڕی، چونکە ڕەوانبێژی بۆ جیاوازیی وشەیی و پاراوی لە وشەکانی دیکەیە. (گەردی، ٢٠١٣ : ١٤)

٦. "بزواندنی بیر و ڕاهێنانی لەسەر وشەی جوان و ناسك و شیعری.

٧. بیرکردنەوەیەکی وا، کە دوربێت لە کەموکورتی و ناتەواوی.

٨. بەکارهێنان و دانانی وشەیە لە شوێنی ڕاست و دروستی خۆیدا.

٩. دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی کۆمەڵێك پێوەر و پێودانگە بۆ ئەوەی دەقی ئەدەبی لە ڕێگە هونەری و شیعریەکەی لانەدات.

١٠. به یەکگەیاندن و موتوربەکردنی خەیاڵ و ڕاستی (واقیع)ە، یان به واقیعکردنی خەیاڵ و به خەیاڵکردنی واقیع له ڕێگەی دروستکردن و بونیاتنانی کۆمەڵێك وێنەی نەگوتراو و نەبینراو، تەنانەت هەندێکجار هێنانەوە و دروستکردنی کۆمەڵێك وێنەی دژ به یەك و پارادۆکس، لەمەشیاندا شاعیر سەربەستە له هێنانەوەی هەر وێنەسازییەك.

١١. شاعیر و قسەکەر ڕێنوێنی دەکات، تاوەکو وشەی پاراو و مۆسیقی هەڵبژێرێت، چونکە ئەرکێکی دیاری ئەم زانستە پێدانی مۆسیقایە، ئەویش به هێنانەوەی ئەو وشانەی لەیەکەوە نزیکن له ڕووی شێوە و پیتەوە. " (حسێن، ٢٠١٤ : ٢٩)

١ . ١ . ٤: کورتە مێژوویەکی زانستی ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی، وەك زانست ڕەگەکەی بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، هەموو مرۆڤەکان به هەموو فەرهەنگ و کەلتور و ڕەگەز و زمانە جیاوازەکانیانەوە له هەر گۆشەیەکی ئەم گەردوونەدا کاتێک ویستویانە به شێوەیەکی کاریگەر و ڕەوان قسەبکەن و بنووسن ئەوا ناچاربوون پەنابەرنە بەر ڕەوچاوکردن و پێڕەوکردنی یاسا ڕەوانبێژییەکان، بۆیە وەک هەر زانست و دیاردەیەکی دیکە خاوەنی مێژوویە، له ئەنجامی توێژینەوە و بەدواداچوونەوە دەرکەوتووە، ئەم زانستە وەکو زۆربەی زانستەکانی دیکە و هونەرەکان و تێڕوانینە فەلسەفی و میتافیزیکییەکان و بوارگەلێکی دیکە بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە، که ئەویش له نوسینەکانی ئەرستۆدا بەرچاودەکەوێت (حسێن، ٢٠١٤: ٤١)، کەواتە ڕەوانبێژی، وەک زۆرێک له بابەت و زانستەکانی دیکە یەکەمجار لای یۆنانییەکان سەریهەڵداوە ئینجا لای ڕۆمانییەکان پەرەیسەندووە، و عەرەبەکانیش بایەخی تایبەتییان پێداوە، بەڵام کورد زۆر به درەنگەوە ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کردووە (عەبدوڵلا، ٢٠١٢ : ٣).

یۆنانییەکان گرنگییەکی زۆریان به ڕەوانبێژی داوە به تایبەت (ئەرەستۆ) "بۆ بەرپەرچدانەوەی سۆفستاییەکان، بناغەکانی ڕێبازی هەڵسەنگاندنی چەسپاند و هەوڵیدا سنوری خوازەش له ژیاندا بچەسپێنێت" (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ١٥)، بەو واتایەی یەکەم کەسە ئاماژەی به هەندێک بابەت و لایەنی ڕەوانبێژی کردبێت، ئەویش له هەردوو کتێبەکانی (هونەری شیعر) و (هونەری دوان)دا، دوای ئەویش (هۆراس) دێت، که له کتێبی (هونەری شیعر)دا جەختی لەسەر گرنگی هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردووەتەوە، پاش ئەمانیش عەرەبەکان هەریەکە له (غەڕا) و (ئەبو عوبەیدەی کوڕی موسەننا) و (جاحز) و (سەکاکی) و (ئیبنوموعتەز) و دەیانی دیکە گرنگییان به ڕەوانبێژی و هونەرەکانی داوە، هەروەها ئەو بابەت و زانستەیان بەرەو فرەوانی بردووە (عەبدوڵلا، ٢٠١٢ : ١٠) شایانی ئاماژەپێدانە، عەرەب له پێش هاتنی ئیسلامدا ئاستێکی بەرزیان له ڕووی ڕەوانبێژییەوە هەبووە، ئەمیش لەو وێنە شیعرییە بەرزانەی که له شیعرەکانیاندا هاتووە دەردەکەوێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لەو سەردەمەدا به دەست گەیشتوون، وەکو شیعری (معلقات)، که له ڕووی هونەری و جوانکارییەوە له ئاستێکی بەرزدان (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ١٩).

بەم شێوەیە دەرکەوتووە، ڕەوانبێژی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، و بنەمایەکی سەرەکییە بۆ واتا و هونەری دەربڕین، له دوای یۆنانییەکانیشەوە "تاکە میللەتێك که به چڕی و به فراوانی گرنگیان به زاراوە و زانستەکانی ڕەوانبێژی دابێت عەرەب بوو، ئەم زانستە وای لێهاتوە له مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا ناوێکی دیار و ناسراوی هەبێت، نووسینێکی زۆر و گەلێك لێکۆڵینەوە و کتێبی له بارەوە بنوسرێت به بەراود به ئەدەبی نەتەوەکانی تر" (حسێن، ٢٠١٤: ٢٢)، کەواتە کۆنی ڕەوانبێژی، وەك کۆنی ئەدەبە و لەگەڵ لەدایکبوونی دەق ئەدەبی ڕەوانبێژیش لەدایکبووە، بۆچوونەکانیش له بارەی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی له ئەدەبیاتی کوردی جۆراوجۆر و جیاوازن، بەڵام دروستترینیان ئەوەیە، که (عەلائەدین سەجادی) ئاماژەی بۆ کردووە، به جۆرێک هەر که "وترا کورد ئەدەبی هەیە که هەیبوو ئەبێ ڕەوانبێژیشی هەبێت" (سەجادی، ١٩٧٨ : ٦)، بەم شێوەیە سەرهەڵدانی ڕەوانبێژیی کوردی پەیوەستە به سەرەتای ئەدەبیاتی کوردییەوە. ئەدەبی کوردیش له سەرەتادا له شێوەی ئەدەبی سادە و ساکاردا بووە، واته له شێوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا بووە، کەواتە سەرچاوەی ڕەوانبێژی لای میللەتی کورد له ئەدەبی فۆلکلۆریدا دەبینرێتەوە (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ٢٧)، لەم ڕووەشەوە کورد خاوەنی سامانێکی له بننەهاتوو و دەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆرییە به تایبەت له پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ئەمانەش لای هەموو نەتەوەکانی جیهان بەرهەمی دنیادیدەیی و زارەکی و ئەزمونێکی درێژی ژیانن، بۆ دەربڕینی ئەو ئەزمونەش بێشك پەنایان بۆ ڕەوانبێژی بردووە (ڕەسوڵ، ١٩٨٣ : ١٠)، بۆیە سەرەتای ڕەوانبێژیی کوردی له فۆلکلۆردا بووە.

یەکەم کەسیش، که له بارەی ڕەوانبێژییەوە نوسیبێت (شێخ نوری شێخ ساڵح)ە، له زنجیرە وتارێکی به ناوی (ئەدەبی کوردی) له ساڵانی (١٩٢٦ . ١٩٢٧) له ڕۆژنامەی (ژیان)دا، که له ژمارەکانی (١٨ . ٢٥) تیشکی خستووەتە سەر هەندێک لایەنی ڕەوانبێژی، له دوای ئەویش (عەلائەدین سەجادی) له ساڵی (١٩٦٨) له کتێبی (ئەدەبی کوردی)دا تیشکی خستووەتە سەر ڕەوانبێژی، پاشان (عەزیز گەردی) له ساڵەکانی (١٩٧٢ و ١٩٧٥ و ١٩٧٨) کتێبێکی سێ بەرگی به ناوی (ڕەوانبێژی له ئەدەبی کوردی) نووسیوە، (سەجادی) دیسانەوە له ساڵی (١٩٧٨) کتێبی تایبەت بەو زانستەی له ژێر ناوی (خۆشخوانی) چاپکردوە، هەروەها (کامیل بەسیر) کتێبی (زانستی ئاوەڵواتا) و (مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس) کتێبی (بەدیع و عەروزی نامی) لەساڵی (١٩٩١) نووسیوە، دیسانەوە عەزیز گەردی کتێبێکی بۆ (پەیمانگاکانی مەڵبەندی پێگەیاندنی مامۆستایان) به ناونیشانی (ڕەوانبێژی) داناوە (عەبدوڵلا، ٢٠١٢: ١٠ . ١١)، هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا (ئیدریس عەبدوڵلا)ش چەندین کتێب و توێژینەوەی له بارەی ڕەوانبێژی و زانستەکانی، هەروەها ڕەنگدانەوەی له هونەر و زانستەکانی له بەرهەمی شاعیراندا نووسیوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم زانستە بووە به هەوێنی چەندین نامەی ئەکادیمی، لەوانە: (هونەرەکانی جوانکاری له شیعرەکانی (عەونی)دا)، که نامەی ماستەری (بەهار عەبدولجەبار جامی) و (هونەری ڕوونبێژی له شیعرەکانی (بێخود)دا) نامەی ماستەری (دنیا شەهاب عەلی)یە، هەروەها نامەی ماستەری (هەژار فەقێ سلێمان حسێن)یش به ناونیشانی (ڕوونبێژی له شیعرەکانی (مەحوی)دا)یە، لەگەڵو (جوانکاری له شیعرەکانی (وەفایی)دا) نامەی (مەریوان حوسێن فەرحان)ە، ئەمانە و چەندانی دیکە.

١ . ٢: زانست و لقەکانی ڕەوانبێژی و ئامانجەکانیان

ڕەوانبێژی، وەک هەر زانست و بابەتێکی دیکە بۆ چەندین بەش و لق دابەشبووە، که هەریەکێکیان له ڕێگەی بنەما و تایبەتمەندیی دیاریکراوەوە

دەناسرێنەوە، و جەخت لە بارەی لایەن و بابەتێکی دیاریکراو دەکاتەوە، بە گوتەیەکی دیکە "چەندین هونەری جۆراوجۆری لێ جیابۆتەوە، کە بابەتی گرنگ و جێی وردبوونەوەن و سەرنج و جوانکارییەکی تر دەبەخشنە شیعر، ئەمەش زیاتر دەچنەوە سەر چنین و بیری شاعیر بە جۆرێکی زیرەکانە، چونکە چەند بتوانێت هونەرییانە بجوڵێتەوە لە گەڵیدا هێندە ئەدەبی تر و باڵادەستی زۆرتر دەست دەکەوێت" (عەبدوڵڵا، 2011: 13)، هەر چۆنێک بێت ڕەوانبێژی بۆ سێ بەش دابەشدەبێت، یاخود لە سێ لق پێکدێت، کە هەموویان لە خزمەتی زانستە گشتییەکە (ڕەوانبێژی)دان، زۆرجاریش ئەم جیاکارییە تەنیا بۆ ئاسانی لە شیکردنەوە، یا دیاریکردنی سنوری کارکردنە، بەم شێوەیە:

١ . ٢ . ١: جوانکاری

جوانکاری، یەکێکە لە سێ بەشەکەی زانستی ڕەوانبێژی، کە لە زمانی عەرەبیدا (البدیع)ی پێدەگوترێت، کە بە واتای (بەدیهێنان ، تازەی داهێنراو) بەکارهاتووە، یاخود لە ڕووی زمانەوانییەوە، بریتییە لە: (داهێنانی شت)، مانایەکی دیکەی (البدیع) بەو وشەیە دەگوترێت کە (بۆ یەکەم جار دادەهێنرێت) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣ : ٩)، هەروەها لە فەرهەنگی (العین)دا (بدیع) لە (البدع)ەوە هاتووە، بە واتای "داهێنانی شتێک، کە بوونی پێشتری نەبووە و هیچ زانیاریی لەسەر هەڵنەکەوتووە"، هەروەها لە (لسان العرب)یشدا بە واتای (داهێنانی شت) هاتووە (جامی، ٢٠١٦: ٧)، لە قورئانی پیرۆزیشدا و لە ئایەتی (١١٧)ی سوڕەتی (البقرة)دا، کاتێک باس دێتە سەر وەسف و پەسنکردنی خودای گەورە، ئەوا دەفەرموێت: (بدیع السماوات والارض وإذا قضى أمرا فإنما يقول له كن فيكون)، واتە: خودا داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، کاتێک فەرمان بە هاتنەدی شتێک بدات دەفەرموێت ببە و دەبێت (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٣ : ٩).

هەرچی وشەی (جوانکاری)ی زمانی کوردیشە ئەوا ناوێکی واتایی ناسادەیە، کە لە ئاوەڵناوی (جوانکار)ی بکەرلێکدراو، کە بە واتای "١. ڕازێنەرەوە ، بوک جوانکەر ، ٢. دەستڕەنگین، بە هونەر" (هەژار، ١٣٦٩ : ١٨٥) دێت، لەگەڵ مۆرفیمی (. ی)، کە وەک پاشگرێکی وشەدارێژ چووەتە سەر ئاوەڵناوەکە و بەشە ئاخاوتنەکەی کردووە بە ناوێکی واتایی پێکهاتووە، بە جۆرێک "(جوانکاری) بەسەر یەکەوە واتە: ئەو کارە جوانانەی هەر کەسە لەبواری پسپۆڕی خۆی ئەنجامیان دەدات" (مستەفا، ٢٠٠٧ : ٢٤٧).

بەم شێوەیە دەرکەوت جوانکاری لە ڕووی وشەییەوە واتاکەی جیادەبێت، لە زاراوە و بابەتە ئەدەبییەکەی، و جوانکاری لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەموو لایەنێکی گرتووەتەوە، تایبەت نییە بە بوار و پێویستییەکەوە، بەڵکو بۆ هەر لایەک دەڕوانین دەبینین لە بەردەم و دەستماندایە و بووەتە بەشێک لە ژیان، کە هەرگیز ناتوانین لێی جیابینەوە، چونکە بە بێ بوونی ژیان لە شوێنی خۆی دەوەستێت، کەواتە جوانکاری نواندنی هونەر و وردەکارییە لە کاروبارەکانی ژیان و پێویستییەکانی بەو شێوەیەی کە کەلتور و نەریت و ئایینی هەر کۆمەڵگایەک پەسەندی دەکات.

وەک ئاماژەی بۆ کرا جوانکاری تەنیا لە ئەدەبدا نییە، بەڵکو لە زۆربەی کەرەستە و پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە، بۆیە ئەوەی لە واتای زاراوەکەیەوە دەردەکەوێت، جوانکاری ئەو زانستەیە، کە لایەن و ڕووە جوانەکانی دەربڕینی پێ دەناسرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتیش، دوو جۆرە (واتایی ، وشەیی) (عەبدوڵڵا، 2003 : 15)، یان بە مانایەکی دیکە "جوانکاری زانستی ناسینی ئەو ڕووە تایبەتیانەیە، کە قسە جوانتر دەکەن، دوای ئەوەی کە لەگەڵ باری پێویستدا بگونجێت" (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ١٣٥)، لە زاراوەی ئەدەبیدا ڕۆڵی گەورەی لە بەرزڕاگرتن و ئارایشتکردنی سیمای ئەدەبی و ڕازاندنەوەی وشە و واتادا هەیە، کە لە گەلێک ڕووەوە پێناسە دەکرێت، لێرەوە هەوڵدەدەرێت چەند پێناسەیەک نیشانبدرێت:

(قەزوینی) ئاماژە بەوە دەدات، کە "زانستێکە ڕێگەکانی جوانکردنی گوتار ڕێکدەخات بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی دەوروبەری ئاخاوتنەکە و ڕوونی ئاماژەکانی، ڕێگەکانیش دوو جۆرن جۆرێکیان بۆ لایەنی واتا دەگەڕێتەوە، جۆرەکەی دیکەش بۆ لایەنی دەربڕین دەگەڕێتەوە" (القزوینی، ٢٠٠٤: ٢٩٧)، ئەوەی جێگەی سەرنج بێت، ئەوەیە سەربارەی ئەوەی ئەرکی زانستەکەی دیاریکردووە لایەن و جۆرەکانیشی نیشانداوە، کە دوو جۆری سەرەکی لە جوانکاری هەیە، ئەوانیش جوانکاریی وشەیی و واتاییە، یاخود دەکرێت بگوترێت: "هونەرێکە دەبێتە مایەی زانستی جوانکردن و ڕازاندنەوەی وتار لە پاش چاودێری ڕێسایی ئەو وتارە بە پێی پێویستی حاڵی ئەو کەسەی وتاری پێشکەش دەکرێت" (مودەڕیس، ١٩٩١: ٦). لە تێڕوانین و بۆچوونی (عەزیز گەردی)شەوە "جوانکاری بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕەگەز و دەستورانە دەدوێت، کە لایەنی هونەری و جوانی ئەدەب ڕووندەکەنەوە" (گەردی، ١٩٧٥: ٥).

بەم شێوەیە لە دوای ئەم پێناسە و بۆچوونانە ڕووندەبێتەوە، جوانکاری زانستێکە هەموو ئەو بنەما و ئەدگارانە دیاری دەکات، کە دەبنە هۆی ئەوەی گوتە و نووسین باش و پەسندکراوبن لای گوێگر و خوێنەرانی (مستەفا، ٢٠٠٧ : ٢٤٧)، یاخود جوانکاری بریتییە لە جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەق و بەرهەمی ئەدەبی تاوەکو سەرنجی خوێنەر و گوێگر بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و جیای بکاتەوە لە دەقی بازاڕی، کەواتە جوانکاری بایەخی سەرەکی ڕازاندنەوە و ئارایشتی ئەدەبە، کە ئەویش بە گەڕان لە وشەی جوان و واتادار، بۆ ئەوەی بتوانێت نوسینەکانی جوان و سەرنج ڕاکێشبن، و چێژێک بە خوێنەر ببەخشێت، و وای لێبکات چێژی بەرەو بەرهەمی ئەدەبی بجوڵێت، بە شێوەیەکی گشتیش دابەشی سەر دوو بەشی سەرەکی دەبێت: (جوانکاریی وشەیی و جوانکاریی واتایی)ن.

١ . ٢ . ١ . ١: جوانکاریی وشەیی

جۆرێکە لە جۆرەکانی جوانکاری، کە جوانی و ڕازاوەیی وتە یان شیعر بەسترابێتەوە بە وشەوە (جامی، ٢٠١٦: ٩)، کەواتە مەبەست لەم جۆرەی جوانکاری ڕازاندنەوە و ئارایشتکردنی دیوی دەرەوە و ڕوخساری دەربڕین و شیعرە، ئەگەرچی هەندێک جار دەگونجێت ماناشی لەگەڵدا جوان بێت... (مستەفا، ٢٠٠٧ : ٢٤٦)، یان ئەو جۆرەی جوانکاری "لە لایەنی ئاواز و مۆسیقای وشە دەکۆڵێتەوە، زایەڵە و ئاوازی وشەکان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە" (گەردی، ١٩٧٨ : ٧٦ ـ ٧٧)، واتە ئەم جۆرە جوانکارییە، وەک لە ناوەکەیەوە دیارە بایەخ بە ڕازاندنەوەی ڕوخسار دەدات، و وادەکات وشەی وا هەڵبژێردرێت، کە جوان و ئاوازداربێت، چونکە "جوانکاریی وشەیی لە لایەنی ئاواز و مۆسیقای وشە دەتوێژێتەوە، هەروەها زایەڵە و ئاوازی وشەکانیش لە ڕەگەزەکانی بەرهەمی ئەدەبی پەیوەندی ئاواز و مۆسیقایان دەکەوێتە نێوانیان، کە لە ڕێگەیەوە بەم ئاوازە

ناوەکی و دەرەکییە، کەشی دەربڕینی بیر و سۆز بەجۆشتر دەکات، هەروەها چنینی ڕستە و دێڕەکان سفت و تۆکمە دەکات، ئەم بەشە زیادتر بە دوبارەبوونەوەی دەنگ خۆی خەریک دەکات، بە ئاوازی ناوەوە و ڕەگەزدۆزی و دووبارەبوونەوە و سەروا دەگرێتەوە" (شەعیا، ٢٠١٤ : ٦١).

١ . ٢ . ١ . ٢: جوانکاریی واتایی

جۆرێکە لە جوانکاریی، کە بایەخ و گرنگییەکەی بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، واتە هەموو هەوڵ و ماندوبوونەکانی نووسەر و شاعیر و قسەکەران لەم چەشنەی جوانکاریدا بۆ ڕازاندنەوە و ئارایشتکردنی واتایە، بە جۆرێکی دیکە "جوانکاریی واتایی: ئەوەیە، کە جوانکردنەکە تێیدا بە زۆری بۆ واتا دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێکیان بە واتای جوانکردنی دەربڕینیش دێن، نیشانەکەشی ئەوەیە، ئەگەر دەربڕینێکی دەقەکە بە هاوواتاکەی گۆڕرا جوانکارییە ئاماژەبۆکراوەکە ناگۆڕێت، چونکە مەبەست لەم جوانکارییە جوانکردن و باشکردنی مانایە" (مستەفا، ٢٠٠٧: ٢٤٩)، لەم پێناسەوە دەردەکەوێت، کە چێژ و ناوەرۆکێکی تایبەت بە بەرهەمەکان دەدات، و تەواوکەری جۆرەکانی زانستی جوانکارییە و لە واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لە ڕووی جوانکارییەوە دەتوێژێتەوە، ئەمجۆرەشیان چەندین هونەری تایبەتی لێدەبێتەوە وەکو: دژیەک، جوانی بایس، کۆکردنەوە، پۆشین ...تاد.

١ . ٢ . ١ . ٣: ئەرک و ئامانجەکانی جوانکاری لە شیعردا

دوای خستنەڕووی جوانکاری و جۆرەکانی، بە پێویست دەزانرێت هەندێک لە ئەرک و ئامانجەکانی ئەو زانستە نیشانبدرێت، وەکو بەرفرەوانترین لقی زانستی ڕەوانبێژی، کە ئەمانەن:

1. کار لە دەقێکی ئەدەبی دەکات و شیعرییەتی دەقەکە دیاری دەکات (حسێن، ٢٠١٢ : ٢٩).
2. لە ڕێگەیەوە نادیارەکانی بەرجەستە دەبن (گەردی، ١٩٧٨: ١٢)، ئەمەش بەهۆی وردەکاریی واتایی و لێکدانەوەی وردی بابەت و کەرەستەکانەوە، لە ڕێگەی هونەرە جۆربەجۆرەکانییەوە.

٣. بەهۆی هـ جوانکارییەوە واتای بەرز و ڕوون بە واژەی پاراو و دروست دەردەبڕدرێت، بە جۆرێک کە لەسەر دەروون و سۆز کاریگەربێت (الهاشمی، ٢٠٠٦: ٢٥)، واتە هاوکارێکە یارمەتی دەستنیشانکردنی زمانپاراوی دەدات.

٤. گونجاندنی وشەکانە لەگەڵ باری پێویستی بەکارهێناندا (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٠: ٣٥)، بە جۆرێک لە ڕووی واتاییەوە واتایەکی گونجاو و مەبەستدار دەگەیەنن، لە ڕووی جوانکاریشەوە بە هۆیەوە لێزانی و سەلیقەی خاوەنی بەرهەم دەردەکەوێت.

٥. دابڕینی دەق لە قسەی بازاڕی (مودەڕیس، ١٩٩١: ٦)، بێگومان ئەمەش بە سەرنج و سەلیقەی خاوەن بەرهەمەوە بەندە، لە چۆنیەتیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان.

٦. سەیری پارچە ئەدەبیەکە دەکات، و لایەنی جوانی دەدۆزێتەوە و لێی ورددەبێتەوە و هەڵیدەسەنگێنێت (گەردی، ١٩٧٨: ١٢)، واتە جوانکاری بە گشتی و جوانکاریی واتایی تایبەتتر "لەو جوانییە دەدوێت، کە لە ناخ و ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێت و دونیای ئەدەبەکە دەڕازێنێتەوە" (گەردی، 1975: 5).

٧. چێژ و خۆشەویستی بە خوێنەر دەبەخشێت (الهاشمی، ٢٠٠٥: ٣٦)، ئەمەش لە وردەکاری و یاریکردن بە وشەوە سەرچاوەدەگرێت.

8. ئەرکی سەرەکی دەبێتە چۆنیەتی و چییەتیی هەڵبژاردنی وشەکان، لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانیان، بە تایبەت لە جوانکاریی وشەییدا، چونکە زانستێکە تایبەتە بە لایەنی ڕوخسار و شێوەی ئەدەبییەوە (گەردی، 1975: 5).

١ . ٢ . ٢: ڕوونبێژی

ڕوونبێژی لە ڕووی زاراوەییەوە وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (ڕوون)، کە سیفەتێکە تایبەتە بە (ئاو)، دەگوترێت: (ئاوێکی ڕوونە)، واتە: بێگەردە و هیچ خۆڵ و پیسییەکی تێدا نییە. لەگەڵ (بێژی) ئەمیش پێکهاتووە لە (بێژ)ی ڕەگی چاوگی (بێژتن/ گوتن) و مۆرفیمی وشەدارێژەری (. ی)ی دروستکەری ناوی واتایی، بەم شێوەیە بەسەریەکەوە (ڕوونبێژی) دروستبووە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ١٤٥)، هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا بەرانبەر بە چاوگی (بَیَنَ)یە، کە لە فەرهەنگی (محیط المحیط)دا واتاکەی "ئەوەیە کە بە هۆیەوە شت لە ڕووی واتا و ڕووەکانی دیکەوە ڕووندەبێتەوە و نیشاندەدرێت" (البستانی، ١٩٨٧: ٦٥)، کەواتە بەم شێوەیە دەرکەوت، کە ڕوونبێژی:

**. لە ڕووی وشەییەوە:** ئەو گوتە و ئاخاوتنانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکران، و لێڵییان تێدانییە.

**. لە ڕووی زاراوەییەوە:** ناوی یەکێک لە زانستەکانی ڕەوانبێژییە، عەرەب بە (البیان) ناوی دەبەن، زانستێکە لێیەوە فێری ڕووەکانی گوزارشتکردن و دەربڕینی واتای مەبەست دەبین، بە وشە و دەربڕینی بابەتی و ئاوەزی (عەقڵی).

ڕوونبێژی وەک لق و بەشێک لە زانستی ڕەوانبێژییدا لە پاڵ لقەکانی دیکەدا ئەو زانستە چەند هونەرێکی گرنگی لەخۆگرتووە، لەوانە (درکە، خوازە، خواستن)، کە کار لەسەر ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی بابەت و مانا شاراوەکان دەکات، یان پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕووی ئەو واتا و مەبەستانەی لێڵن، سەربارەی ئەوەی لە ڕووی ڕوونبێژییەوە شاعیران توانیویانە وێنەی هونەری نوێ دروستبکەن، لەگەڵ بەرهەستکردن و بە کەسکردنی شتە واتایی و نابەرجەستەکان و گەلێک ڕۆڵ و ئەرکی دیکەش (حسێن، ٢٠١٤: ٣١ . ٣٢)، بە واتایەکی دیکە ڕوونبێژی، یەکێك لە لق و بەشە سەرەکییەکانی زانستی ڕەوانبێژییە، کە لە چەند هونەرێك پێکهاتووە و بە هۆیانەوە وێنەی هونەری دروستدەبێت، بە گشتی ئەم لقەی ڕەوانبێژی کار لە بارەی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو واتا و مانایانە دەکات، کە شاراوەن یان لێڵ و نادیارن، هەر سەبارەت بە پێناسەی ڕوونبێژی (عەبدولواحید موشیر دزەیی) لە کتێبی (پراگماتیك و ڕەوانبێژی)دا دەڵێت: "مەبەست لە ڕوونبێژی زیاتر دەرخستنی ڕوونی دەربڕین و گەیاندنی واتایە، دەربڕینەکان لەم هونەرە ڕەوانبێژییەدا سادە و ساکارن و بە شێوازێکی گونجاو و کاریگەر دەربڕاون" (دزەیی، ٢٠١٥: ٧١)، هەروەها بۆچوونێکی دیکە هەیە بەم شێوەیە ڕوونبێژی دەناسێنێت، و پێی وایە "هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە، کە پەردە لە ڕووی گوزارە لائەدەن و ئەیخەنە بەرچاوەوە، یا بیروباوەڕێك ئەگرن و ئەیخەنە ڕووەوە تا گوێگر یا خوێنەر بتوانێ بگاتە بنج و بناوانی مەبەستەکە و تێی بگات" (گەردی، ١٩٧٢: ١٨).

کەواتە ڕوونبێژی دەکرێت بەو شوێن و ڕێگەیانە دابنرێت، کە "نووسەر یان شاعیر بۆ بەیانی مەبەستی خۆی لەبەر چاوی دەگرێت، دەگونجێت هەندێکیان ڕۆشن و برێکیان نادیاربن، بەو هۆیەوە ڕەنگە وشە یا کارێک، کە بە بۆنەی ئەوەوە مانا و مەبەستی دەگوترێت لە مانای حەقیقی و ڕاستەقینەی خۆیدا بەکاربرێت، و دەگونجێت مانا و مەبەست لە ڕێی مەجاز و استعارە یا کنایە ئەدا بکرێ" (ئیبراهیم، ١٣٦٤ : ٣٩)، هەر ئەمەشە، کە ڕوونبێژی بەهێزترین لقی زانستی ڕەوانبێژییە، بە جۆرێک ئەگەر "واتاناسی بایەخی پتر بۆ واتابێت و جوانکاری ڕازاندنەوەی وشە بێت، ئەوا بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕوونبێژی تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان و زیاتریش، زانستێکە تیایدا یاری بە واتا دەکرێت بە چەند شێوازێکی وشەیی جیاواز" (حسێن، ٢٠١٤ : ٣٣).

١ . ٢ . ٣: واتاناسی

لە ڕووی پێکهاتەی زاراوەکەیەوە لە وشەی (واتا)، لەگەڵ ڕەگی چاوگی (ناسین)، کە (ناس)ە، و پاشگری وشەدارێژی (ـ ی)، کە زاراوەکەی لە ئاوەڵناوەوە کردووەتە ناو پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

**. لە ڕووی وشەییەوە**: بە گشتی واتای ناسین و ناساندنی واتا و لێکدانەوەی واتا دەگەیەنێت (فەرحان، ٢٠١٤ : ٢١).

**لە ڕووی زاروەیشەوە**: وەک لق و بەشێکی سەرەکی لە ڕەوانبێژیدا واتاناسی یاساکانی ڕێکخستنی قسەکردن و گوتارە لە کات و شوێنی گونجاودا، کە دووربێت لە هەڵە و کەموکورتی لە کاتی گەیاندنی واتادا (حسێن، ٢٠١٤: ٣٦)، بەو واتایەی واتاناسی بە شێکی یارمەتیدەرە بۆ هەڵبژاردنی ڕۆنانی گونجاو لە زماندا، لەم بەشەدا مەودا و سنووری توێژینەوەی ڕەوانبێژی بە تەنیا لە چوارچێوەی سنوری ڕستە ناوەستێت، بەڵکو دەقەکانیش دەگرێتەوە، بە جۆرێک "لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی قسە دەکات لەگەڵ دەوروبەر، واتە ئەو ڕێگەیەی ئەدیب دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە مەبەست، بۆیە پێویستە لەسەر ئەدیب گرنگی بە دەوروبەر بدات، تا لە مەبەست بگات، ئەگینا مەبەست ون دەبێت" (دزەیی، ٢٠١٥: ١٤٧)، ئەم لقەی ڕەوانبێژی بە پێی پێویست بۆ شوێن و ئاستی کەسەکان دەدوێت، کەواتە "زانستێکە لە بارەی ڕەوانی دەربڕین بە پێی پێویستی شوێن و ئاستی کەس دەدوێت بۆ قسە و گوزارشت" (سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو).

ئەم لقەی ڕەوانبێژی، وەك لقەکانی دیکە چەندین پێناسەی بۆ کراوە، یەکێک لەوانە پێی وایە "زانستی ناسینەوەی دۆخەکانی دەربڕینە، کە تیایدا دەربڕینەکان دەستنیشان دەکرێن لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەبەستە ڕەوانبێژییەکان، بە مەبەستی گەیاندنی واتا لەگەڵ هاوواتاکانیان، یان ئەو زانستەیە کە لە گەیاندنی واتای مەبەست دەکۆڵێتەوە" (حسێن، ٢٠١٤: ٣٥)، یان بە واتایەکی دیکە دەکرێت بگوترێت: زانستی واتاناسی باس لە توێژینەوەی واتا دەکات لە بارەی کورتبڕی و درێژبڕی و پاش و پێشخستن و شوێنی پێکەوەلکان و شوێنەکانی جەخت و زۆری دیکەش، هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەیە کەسی ڕەوانبێژ توێژینەوە لە هەموو ئەو نهێنیانە بکات، کە لە سەبەتەی وشە و ڕستەکاندا هەیە بۆ ئەوەی قسە بە پێی پێویست بێت (گەردی، ٢٠١٣ : ١٨)، یاخود بە واتایەکی دیکە "ئەو بەشەیە، کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی (واتا) دەگرێتەبەر، پەیوەندیی نێوان وشە و مانا ساغ دەکاتەوە و وەڵامی هەندێک پرسیاری وا دەداتەوە، کە پەیوەندییان بە مانا و مەبەست و پەیام و کاریگەریی وشە و ڕستە و ئاخاوتنەوە هەیە، هەر وشەیەک چۆن بەکاربێ و لە چ شوێنێک بێت باشترە، پاش و پێش کردنی وشەکان چۆن کاردەکاتە سەر گۆڕان و جەختکردنی مانای ڕستەکە بێجگە لە مانای دروست و بەرچاوی خۆی چ مانایەکی تر دەگەیەنێت و چ لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ؟ وشە لە کوێ لە کورتی ببڕێتەوە باشترە؟ ئایا ئەو ڕستەیەی کە هەیە لەگەڵ باری گوێگردا دەگونجێت یا نە؟ ڕستەکان لە کوێ بە یەکەوە بلکێن و لە کوێوە لە یەک دابڕێن، بۆ ئەوەی مەبەستی قسەکەر بە تەواوی ڕابگەیەنن"(گەردی، ١٩٧٨: ٨).

زانایان و توێژەرانی ڕەوانبێژی بایەخێکی زۆریان بە زانستی واتاناسی داوە، چونکە نەک شاعیران هەموو کەسێک پێویستی بەم زانستە هەیە بۆ داڕشتن و دەربڕینی دەقێکی کاریگەر، چونکە کاتێک بیرێك لە مێشکماندا هەیە دەمانەوێت دەریببڕین، دەبێت بە جوانی بیری لێبکەینەوە ئینجا دەریببڕین هەموو قسەیەکیش کات و شوێن و مەبەست و تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو گوتەیەش بە شێوەیەکی جوان و پاراو بگاتە گوێی گوێگر، پێویستە بە شێوەیەکی هونەری دابڕێژرێت، چونکە قسە کە لە دەم دەرچوو ناگەڕێتەوە قسە تا ئەوکاتە موڵکی قسەکەرە، کە دەرنەبڕیوە، بەڵام کە لە دەم دەرچوو موڵکی ئەو نامێنێت، بۆیە دەبێت بە باشی بیری لێبکاتەوە، وەك لەو پەندەی پێشینانەدا هاتووە، کە دەڵێت: "قسە تا نەی بێژی نەیڕێژی" (لەک، بەبێ ساڵ : ١٢٤) یان لە کۆنەوە گوتراوە: "قسە بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە" (سەجادی، ١٩٧٨ : ١٥٩) ئەوەی ئەم دوو پەندە ئاماژەی پێدەکەن، دەبێت دەربڕین و گوزارشت بەپێی باری پێویستی شوێن و گوێگر بێت، و بە وشەی ڕەوان و پاراوبێت، مانایان بە شێوەیەکی جوان و لەباربێت، دەربڕینیش کە بەم شێوەیەبوو گومانی تێدا نییە سیفەتی هونەری و ڕەوانبێژیشی لێ دەردەکەوێت، و شیاوی ئەوەیە پەسنبکرێت.

## بەشی دووەم

شێخ ڕەزا و هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیدا

٢ . ١: شێخ ڕەزا و شیعرەکانی

٢ . ١ . ١: بایۆگرافیی شاعیر

(عەلائەدین سەجادی)، بەم قسە جوان، و نەستەقانە دەست بە گێڕانەوەی ژیان، و بەسەرهاتی (شێخ ڕەزا) دەکات: "قسەڕەوانی شەوچەرەی کۆڕی زستانی ناو ماڵان، خوێشی شێخی بەرماڵی بنەماڵەی تاڵەبان. شاعیری بەرزی داستانی هەمەجۆرە، بەردهاوێژ و قسەهاوێژی بێ نورە. زمانی شیرێکی کاریگەر لە برشتدا، قەڵەمی تیرێکی سەرنەکەر لە زوشتدا، خاوەنی شعورێکی نازك لە باسی چاکەدا دانەری گەڵێ قسەی تێژ لە باسی خراپەدا، بێ باك و قسە لە ڕوو..." (سەجادی، ١٣٦١: ٣٤١).

شێخ ڕەزا، ناوی ڕەزای کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی یووسف ئاغایە، وەك زۆر شاعیر و گەورەپیاوی دیکەی کورد، شێخ ڕەزاش ساڵی لەدایکبوون و مردنی تەواو ساغ نەبووەتەوە، و ڕای جیاجیای لە سەرە...

(عەلائەدین سەجادی) ساڵی (1835 – 1909)ی بۆ ساڵی لەدایکبوون و مردنی داناوە (سەرچاوەی پێشوو: ٣٤٠ ، ٣٤٣)، (عەلی خورشید)یش لە ژمارە (64)ی ساڵی (1988) ی گۆڤاری (کاروان)دا لەسەر هەمان بۆچوونە (خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٢٩ ، ٣١). (محەمەد نوری عارف) ساڵی (1835 –

1910) (عارف، بەبێ ساڵ، ١٢٥) و (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٢٧٩ ، ٢٨٤)، لەگەڵ (شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، ٢٠٠٣: ٢٦ ، ٢٨ . ٢٩) ساڵی (1837 – 1910)یان دیاری کردووە. سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە، خەزنەدار، ٢٠٠٨ : ٦٦٠ . ٦٦١)ش ساڵی (1253 – 1328)ی کۆچی بە ساڵی لەدایکبوون و مردنی شێخ ڕەزا داناوە، کە دەکاتە، هەمان مێژووی مارف خەزنەدار و ئەوان. (ئومێد کاکە ڕەش و حەمەبۆر)یش ساڵی (1831 – 1910)یان دیاریکردووە، بە پشت بە ستن بە دێڕە شیعرێکی خۆی، کە دەڵێت:

کە (عەبدوڵڵا پاشا) لەشکری (والی)ی (سنە)ی شڕکرد
(ڕەزا) ئەو وەختە عومری (پێنج) و (شەش) (طیفلی) دەبستانبوو
(کاکەڕەش، ئومێد، ٢٠٠٥ : ٤٣)

لەم بۆچوونانە "ئەوەی زیاتر جێگای بڕوا بێت ئەو هەوڵدانەی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ە، کە بە یارمەتی شێخەکانی تاڵەبانی توانیویەتی مێژووی لەدایکبوونی شێخ ڕەزا بدۆزێتەوە و گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە لە ساڵی (1253)ی کۆچی کە دەکاتە ساڵی (1837)ی زایینی لەدایکبووە" (بەهرام، ١٩٩٩: ٢٤). ئەگەرچی (ئومێد کاکەڕەش) و (حەمەبۆر) بە پشت بەستن بە هەندێك شیعر، و ئەوەی تێیاندا بەکارهاتوون، هەوڵیانداوە، کە ساڵی (1831) بۆ لەدایکبوونی شێخ ڕەزا جێگیر بکەن (کاکەڕەش & حەمەبۆر، ٢٠٠٥: ٣٧ . ٤٤) ، ئەو دەستەواژانەش، وەکو (عومرم گەیی بە (هەشتا) ، شێخ ڕەزا پیربووە ، تاقەتی کەشمەکەش (دەسبەگۆچان) ).

بەڵام ئێمە پێمان وایە، کە هەموو ئەمانە زیادتر بۆ زێدەڕۆیی بەکارهاتوون، و ناگونجێت ڕاستەقینەبن، لە لایەکی دیکەوە ئەو ناکۆکییەی، کە لە نێوان (کەیفی)ی شاعیر و شێخ ڕەزادا ڕوویداوە، لە کاتی خوێندنی دەرسی فەقێیەتی، لە لای (مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە)، کەوتووەتە دوای ساڵی (1863)، چونکە هەروەك (مارف خەزنەدار باس دەکات)، (کەیفی) لەو ساڵەدا ڕووی کردۆتە کۆیە (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٣١)، کەواتە نابێت شێخ ڕەزا ئەو تەمەنە زۆرەی هەبووبێت، بەڵکو دەشێت گەنجێکی کامڵ بووبێت، ئەگەر وابێت شێخ ڕەزا دەبێت، هەر لە ساڵی (1837) لەدایکبووبێت، نەك لە ساڵی (1831) یان (1835)، هەروەها، کە بۆ جاری دووەم دیوانی شاعیر لە لایەن بنەماڵەکەیەوە لە ساڵی (1946) چاپکراوەتەوە، هەر ساڵی (1837) بە ساڵی لەدایکبوونی شاعیر دیاریکراوە (خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٢٩ ، ٢٨).

هەرچی دەرباری ساڵی مردنیشی هەیە دوو بۆچوونن، ئەوانیش ساڵی (1909) و (1910)ن، بەڵام بەپێی ئەو هەواڵەی کە لە ڕۆژنامەی (الرقیب) بڵاوکراوەتەوە، کۆچی دوایی شێخ ڕەزامان بۆ دەخاتەڕوو، لەوەدا هیچ گومانێك نامێنێ کە ساڵی (1910) ساڵی وەفاتی شێخ ڕەزایە، کە بەم جۆرە هەواڵی کۆچی دوایی شێخ ڕەزای بڵاوکردووەتەوە "وەفاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی عەسری ڕۆژی 9ی موحەڕەمی ساڵی 1328ی کۆچی کە ڕۆژی پێنجشەممە بەرانبەری ڕۆژی 20ی کانوونی دووەمی ساڵی 1910ی زایینی بوو ... " (خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٢٩ ، ٢٨)، کە ئەمەش تەواو جێگای بڕوایە، و بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە.

هەموو سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، لە گوندی (قرخ)ی نزیك قەزای چەمچەماڵی ناوچەی کەرکووك چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. سەبارەت بە نازناوی شیعریشی وەک لە هەندێك شوێنی دیوانەکەیدا دەبینرێت شاعیر لە سەرەتادا، کە دەستی بە شیعر کردووە (لامیع)ی کردووە بە نازناوی شیعری (خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٣٤٦)، بۆ نموونە:

**(لامیع)ی شاعیر بە هەر مەجلیسێ بچێ خەڵکی ئەڵێن**
**بولبولی دەستان سەرا، مورغی غەزەل خوان هاتەوە**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 92)

بەڵام دواتر ئەم نازناوەی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی (ڕەزا) گۆڕیوە، و هەندێك جاریش (شێخ ڕەزا)ی بەکارهێناوە (مارف، ٢٠٠٤: ٢٧٩ + سەجادی، ١٣٦١: ٢٧٩)، وەکو:

**خواستی لێی ماچێ (ڕەزا) کافرە نەیدایە وتی:**
**ئەی خوا لەم کورە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 85)

لە شێعرێکی دیدا دەڵێت:

**(شێخ ڕەزا)م بە فەساحەت لە جیهاندا مەشهوور**
**پسەری پیری نەزەرکردەیی قووتبی لاهوور**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 64)

شێخ ڕەزا سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، پاشانیش (شێخ عەبدولغەفور)ی مامی چەند دەرسێکی زانستە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی پێگوتووە، دواتریش ڕووی کردووەتە کەرکووك و ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە، و لە لای (سەید محەمەد بڵاغ) و (حاجی سەعید ئەفەندی حیلمی زادە) زمانی عەرەبی خوێندووە (سەجادی، ١٣٦١: ٣٤١). ئنیجا لەوێوە چووەتە (کۆیە) بۆ تەواوکردنی خوێندن، و لای زانای بەناوبانگ (مەلا ئەسعەدی جەلی زادە) بووە بە فەقێ، هەر لەو ماوەیەدا ئاشنایەتی لەگەڵ (مەلا عەبدوڵڵا) و (کەیفی)ی شاعیردا پەیدا کردووە، و ماوەیەکیش لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی خوێندوویەتی، لە دوای ئەوەی، کە پلە کانی بە مەلابوون سەرکەوتووانە دەبڕێت خولیای بینینی وڵاتان دەچێتە کەللهیەوە، و لە ساڵی (1860)دا بە حەڵەبدا چووە بۆ ئەستەنبوڵ، و دوای دوو ساڵ بۆ کەرکووك دەگەڕێتەوە، و لە دەوروبەری هەولێر هەواڵی مردنی باوکی دەبیستێت، دوای شەش مانگ لە مردنی باوکی لەگەڵ (شێخ عەلی)ی برای لە سەر میرات و دەستەڵات ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، و دەچێتە (کۆیە) لای (شێخ غەفور)ی مامی. مامیشی سەرەتا پێشوازییەکی گەرمی لێدەکات و هەموو بەڵێنێکی پێ دەدات، و شەش مانگ هەڵی دەخەڵەتێنێت، و بێگاری پێدەکات گوایە کچەکەی لێمارەدەکات. بەڵام ئەو خۆشییە زۆر ناخایەنێت، و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان شێخ ڕەزا و مامییەوە، و بە ناچاری ڕوودەکاتەوە کەرکووك، ناخۆشییەکە دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کە بەهێزترین شیعری هەجو لە دژی مامی و ڕەشیدی ئامۆزای بنووسێت (مارف خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٢٨٠).

بۆ جاری دووەم لە ساڵی (1866) ڕێگەی غەریبی دەگرێتەوەبەر و ڕوودەکاتەوە ئەستەنبوڵ، بەڵام سەفەری ئەمجارەی، لە سەفەری یەکەم جیاوازە. سەفەرێکی درێژخایەنە، و کردنەوەی دەروازەیە بە ڕووی شاعیردا لەم ماوەیەدا شێخ ڕەزا چاوی بە (ئەرزرۆم) دەکەوێت، ئاشنایی و دۆستایەتی لەگەڵ گەورەپیاوان و شاعیراندا پەیدا دەکات، و چاوی دەکرێتەوە و لە نهێنییەکانی ژیان شارەزادەبێت. لە ڕێگەی شیعرەوە خۆی لە (صدر الاعظم) نزیك دەکاتەوە، هەر بە هۆی ئەویشەوە دەچێت بۆ سەفەری حەج بە وڵاتی میسردا، و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام لە ساڵی (1874) بە

یەکجاری ئەستەنبوڵ بەجێدەهێڵێت، و دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك، و لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە مووچەیەکی مانگانەی بۆ دەبڕێتەوە، و خۆشی بە بەریەوە وردە وردە کشتوکاڵی لەگەڵدا کردووە، و ژیانێکی سادە و خۆشی هەبووە، زۆرجاریش سەردانی (وەسمان پاشا) و (مەحموود پاشای جاف) و گەورەپیاوانی ئەو ناوەی کردووە. خانمی وەسمان پاشا (عادیلەخان) هەمیشە سەوقات و دیاریی بۆ ناردووە (خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٣٠ . ٣١).

لە ساڵی (1898) هەندێکیش پێیان وایە لە ساڵی (1900)دا بە یەکجاری کەرکووك جێدەهێڵێت، و ڕوودەکاتە بەغدا و لە تەکیەی تاڵەبانی دەگیرسێتەوە، و ژیانی لەگەڵ پیاوە ناودارەکان، و ئەدیبانی سەردەمەکەی بەسەربردووە، و پێوەندیی لەگەڵ (سەلیم بەگی بابان) و (سەید عەبدولڕەحیمی نەقیب) زۆر خۆشبووە (کاکەڕەش & حەمەبۆر، ٢٠٠٥: ١٩)، و (شێخ عەلی) کاروباری تەکیەی ئەوێی پێ دەسپێرێت، و ئەوکاتەشی شێخ ڕەزا چووە بۆ بەغدا تەکیەکە نوێکراوەتەوە، و لە ژێر چاودێریی ئەودا ئاوەدانبووەتەوە. ئەو خانووە لە یەك کاتدا هەم تەکیە، و هەمیش ماڵی شێخ، و مزگەوتیش بووە، شێخ ڕەزا لەسەر دابونەریتی تەریقەتی قادری تەکیەکەی بەڕێوەبردووە. هەروەها ژیانی لە بەغدا وشکنەبووە، واتە: شێخ ڕەزا، وەك وشکە سۆفییەك نەژیاوە و برادەرێکی زۆری هەبووە، و هاتوچۆیان کردووە، ئەویش سەری لێداون جگە لەوەش لە چایخانەکانی بەغدا دانیشتووە، و شیعر و نوکتەی بۆ خەڵك خوێندووەتەوە (خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٢٨٤).

"لە دوا ساڵانی ژیانیدا شێخ ڕەزا تووشی نەخۆشییەك بووە لە هەردوو پێی خستووە، هەروەها دەڵێن: بە نەخۆشی زەحیری لە ڕۆژی 20ی کانوونی دووەمی ساڵی 1910 کۆچی دوایی کردووە، و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا نێژراوە" (خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٢٨٤) لەسەر ڕاسپاردەی خۆی ئەم چوارینەی خۆی لە سەر گۆڕەکەی نووسراوە:

یا رسول الله چه باشد شون سگ اصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرەو احباب تو؟
او رود در جنت و من در جهنم کی روا است؟
او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو

٢ . ١ . ٢: شیعرەکانی شێخ ڕەزا

بە گشتی لە نێو شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا، چەندین نموونەی ڕەنگینمان هەیە، کە یەکێک لەو نموونانە شیعرەکانی شێخ ڕەزان، کە لە شاگردانی قوتابخانەی بابانبووە، و شیعرەکانی زۆر ڕازاوە و جوانن، بە جۆرێک ئەم زانیارییانەی خوارەوە گرنگترین خاسیەتی شیعرەکانی ڕووندەکەنەوە:

**یەکەم:** کێشی شیعرەکانی لەسەر کێشی عەروز دەڕۆن، بە بەراورد بە شاعیرانی سەردەمی خۆشی کەڵکی لە زۆرترین بەحرەکانی ئەم کێشە وەرگرتووە لە ڕووی ژمارەوە، بە جۆرێک هەریەکە لە بەحرەکانی: هەزەج ، ڕەمەڵ ، ڕەجەز ، موزاریع ، بەسیت ، موجتەس ، سەریع و موتەقاریبی بەکارهێناوە.

**دووەم:** لە ڕووی سەروا و قافیەی شیعرەکانیشییەوە، ئەوا وەکو شیعری شاعیرانی دیکە لەسەر بنچینەی یەکیەتیی سەروا بنیاتنراون، بەڵام شێخ ڕەزا دەنگە قورسەکانی ئەلفبێی عەرەبی و کوردی نەکردووە بە سەروا، بە زۆری دەنگە سوک و ئاسانەکانی بەکارهێناوە، بە جۆرێک دوای تێڕامانێکی ورد بۆ شیعرەکانی دەردەکەوێت، کە بۆ سەروای شیعرەکانی، نیوەی دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی بەکارهێناوە، کە لە پیتە ڕەوان و ئاوازدارەکانن، بە جوانکاری و وردەکارییەکانی لەم مەیدانەدا، شیعرەکانی ڕازاندووەتەوە، و داهێنانی تێداکردوون، و دێڕی یەکەمی پارچەی، وەك غەزەل و قەسیدە هاوسەروا کردووە.

**سێیەم:** شاعیر لە هەموو ژانر و بابەتەکان شیعری نەگوتووە، بەڵام ژانرە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی لە نێو شعیرەکانیدا دەبینرێن، لەوانە: تاک، چوارین، پارچە، پێنجخشتەکی، مولەممەع، ... تاد. بە گشتی کەڵکی لە قاڵبە شیعرە کورتەکان وەرگرتووە، بە گوتەیەکی دیکە لە ڕووی ڕوخساری شیعرییەوە، شێخ ڕەزا هەموو قاڵبە شیعرییەکانی بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەوانەی بەکاری هێناون، لە تەکنیکە گرنگەکانن، و بە شێوەیەکی وا ڕازاندوونیەوە، کە هاوتایان کەمە، زۆرجاریش داهێنانی تێدا کردوون، یەکەم شاعیرە، کە بەرچاومان کەوتبێت تەکنیکی سێین (سێینە)ی بەکارهێنابێت، هەروەها لە نێو شیعرەکانی شێخ ڕەزادا، تاك و چوارین لە هەموو جۆرەکانی دیکە زیادتر دەبینرێن.

چوارەم: هەناسەی شیعری شێخ ڕەزا بە گشتی درێژنەبووە، چونکە بەشی زۆری بەرهەمی شیعری لە پڕ بۆ هاتووە و وەڵامی مەسەلەیەکی لەناکاوبوون، لەبەرئەوە زۆربەی شیعرەکانی دەچنە نێو شیعری لیریکییەوە، بە واتایەکی دیکە هێزی دروستکەری زۆربەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا، پاڵنەری کاردانەوەیە، نەك پرۆسەیەکی فیکری و مەعریفی، و لە چوارچێوەی زمانی شیعریدا گوزارشت لە خۆبکات، بە جۆرێک زۆربەی شیعرەکانی بێ بیرکردنەوە و زۆرلەخۆکردن بۆ هاتوون.

**پێنجەم:** هەرچەندە لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا زۆرتر شێخ ڕەزا بە شاعیری هەجو ناسراوە، بەڵام ناوەرۆکی شیعرەکانی لایەنێکی زۆری ژیانی ئادەمیزادی گرتووەتەوە.

**شەشەم:** زمانی شیعری شێخ ڕەزا ئاسانە، لە ڕەوانبێژیدا زۆر بەکارە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەی ئەمە دیاردەیەکی گرنگە لە شیعری شێخ ڕەزادا، واتە زیادتر هۆگری زمانی میللی سەر زار و ئیدیۆم و قسەی نەستەقی نێو خەڵکە.

حەوتەم: توانستی بەکارهێنانی وشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە شیعریدا بەهێزە، ئەمە تەنیا دیالێکتەکانی زمانی کوردی ناگرێتەوە، بەڵکو وشەی زمانانی تورکی و فارسی و عەرەبیش دەگرێتەوە، ئەمە لە هەندێک لە شیعرە مولەممەعەکانیدا بەرچاودەکەوێت. ئەم باڵادەستییەی وایکردووە، کە دیوانەکەی لە وشە و موفرەداتی کوردی و بێگانەدا زۆر دەوڵەمەندبێت، سوودێکی زۆری لە فۆلکلۆر و کەلەپوری نەتەوەیی، بە تایبەتی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆم وەرگرتووە، و سەدان وشەی ڕەسەنی دیالێکتە جیاجیاکان و زمانە بێگانەکانی بەکارهێناوە، لە شیعرەکانییەوە دیارە، کە هەرگیز بۆ وشە دانەماوە، و بە دوایدا نەگەڕاوە، زمانەکەی هەتا بڵێیت: دەوڵەمەندە.

(خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٢٨٥ . ٢٩٠ + حەمەئەمین & مستەفا، ٢٠١٦: ١٣٠ . ١٣١)

٢ . ٢: هەندێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرەکانی "شێخ ڕەزا"دا

لە پێناسەی ڕەوانبێژییەوە دەرکەوت، هەروەها زۆرینەی ئەوانەی لە بارەی شێواز و ڕەوانبێژی نووسین و توێژینەوەیان ئەنجامداوە هاوڕان، کە ڕەوانبێژی سێ لقی سەرەکییە، هەریەک لەو لقانەش چەندین هونەری تایبەت بە خۆی هەیە، بە جۆرێک: جوانکاری، وەک لق و بەشێکی سەرەکی لە زانستی ڕەوانبێژی دوو جۆری هەیە، یاخود زانستی جوانکاری لە دوو بواردا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش بایەخدانە بە لایەنی وشەکاری و ئارایشتکردن و ڕازاندنەوەی دەرەوەی دەقەکە، لەگەڵ لایەنی واتایەکەی، کە ناوەرۆک و مەبەستی بابەتەکە دەگرێتەوە، بە چەندین هونەری جیاواز. هەرچی ڕوونبێژیشە سێ هونەری سەرەکی هەیە، ئەوانیش (لێچواندن، خواستن و درکە)یە، و هەریەکەیان پێناسە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لە ڕووی واتاشەوە، (واتاناسی) بایەخ بە چۆنیەتی واتای دەربڕاوەکان و کاریگەربوونیان دەدات، و چەندین هونەری هەیە، بۆیە لەم بەشەی کارەکەدا کاردەکرێت لە پێناو ناساندن و خستنەڕووی هەندێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە گشتی، و دیاریکردنی ئەو هونەرانە لە شیعری شێخ ڕەزادا.

٢ . ٢ . ١: ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی

ئەم هونەرەی جوانکاری لە زمانی عەرەبیدا (الجناس)ی پێدەگوترێت، و بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە لە دەربڕیندا بە شێوەیەکی تەواو، یانیش بە کەمتر لەوە لێکچوونێک لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لە واتادا هەریەکە واتای سەربەخۆیان هەبێت (مستەفا، ٢٠٠٧ : ٢٥٠)، واتە جۆرێکە لە جۆرەکانی جوانکاریی وشەیی و ڕەگەزێکی زانستی ڕەوانبێژییە، کە (ئاری سوبحی ئەحمەد) پێی وایە "بریتییە لەوەی کە چەند وشەیەک لە ڕووی ڕیز و جۆر و شێوە و ژمارەی تیپەکان یان وەکویەک بێت، یان جودابێت، ماناشیان جیابێت، چونکە ئەگەر مانایان وەکویەک بوو ئەوا ڕەگەزدۆزی دروست نابێت، گرنگترین، جۆرەکانیشی (ڕەگەزدۆزیی تەواو، ڕەگەزدۆزیی ناتەواو)" (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٩٢)ن، بە واتایەکی دیکە ڕەگەزدۆزی "پێکەوە گونجان و دۆستایەتیی ڕەگەزی دوو وشە پێکەوە ئەدۆزێتەوە و پەیدای ئەکات" (سەجادی، ١٩٧٨ : ١٢٣) کە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێتە دوو جۆر:

٢ . ٢ . ١ . ١: ڕەگەزدۆزیی تەواو

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی و "بریتییە لە هێنانی دوو وشە یا پتر کە لە نووسین و خوێندنەوەدا وەکیەک وابن، بەڵام هەرکام مانای جیاوازیی خۆیان هەبێت" (پارسا، ١٣٩٧: ٢٠)، واتە ئەگەر لە دەقێکدا دوو وشە یان زیادتر هەبوو لە شێوەی نووسین و خوێندنەوەدا جیاوازنەبوون، بەڵام لە ڕووی ماناوە جیاوازبوون، ئەوا ڕەگەزدۆزیی تەواو لە نێو دەقەکە دروست دەبێت، کەواتە ڕەگەزدۆزیی تەواو ئەوەیە کە لە ڕستەیەکدا یا لە دێڕە شیعرێکدا دوو وشە یان زیادتری تیدابێت، و ئەم وشانە لە شێوە و ڕواڵەتدا لەیەکبچن، واتە لە ڕووی ژمارە و جۆری پیتەکان و ڕیزکردنیان و شێوەی ڕێنوسی پیتەکانەوە وەکیەکبن، و هیچ جیاوازییەکیان نەبێت، بەڵام لە ڕووی واتاوە هەریەکەیان واتای تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەبێت (ناوخۆش، و ئەوانی دیکە، ٢٠١٠، ١٦٣)، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

**ڕەفیقم بوو جوانێکی جوانڕۆ**

**کە چوو ماڵیم بە سەر خۆمدا جوان ڕۆ**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 84)

لە نێوان هەردوو (جوانڕۆ)دا، ڕەگەزدۆزیی تەواو هەیە، لە جاری یەکەمیاندا ناوی شارێکی سەر بە کرمانشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە جاری دووەمدا (جوانڕۆ) وشەیەکی لێکدراوە، و لە دوو بەش (جوان) بە واتای (قەشەنگ ، لاو ، جحێڵ)، لەگەڵ (ڕۆ)، کە بە واتای (داخ و حەیف بۆ مردوو) دێت پێکدێت.

**ژن یەکێ بوو هەر ئەمگوت ئاخ لە دەست ئەمجادووە**

**بۆ چ قوری عالەم بە سەر خۆمدا نەکەم ئەم جادووە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 127)

لێرەشدا (ئەمجادووە)ی یەکەم (ئەم ــ ە ئاوەڵناوی نیشانەیە) و (جادوو) واتای (سیحر ، فێڵ ، تەڵەکە)یە، هەرچی (ئەم جادووە)ی نیوەدێڕی دووەمیشە (ئەمجا) بە واتای (ئەم کاتە ، ئێستا) و (دووە)ش بە واتای (دوو دانە) دێت، بۆیە ڕەگەزدۆزیی تەواو لە نێوانیاندا هەیە، کە یەکەمیان بە مانای (ئەم سیحرە)، و دووەمیان بە مانای (ئێستا دوو دانەن) دێت.

**ئەم مەتاعە چاکە هەر لایق بە حاجی ئەحمەدە**

**جووتی پێ بکا هەروەکو جووت هەردوو لنگت کرد بە جووت**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٤٤)

لەم دێڕە شیعرەشدا لە نێوان هەر سێ وشەی (جووت)دا ڕەگەزدۆزیی تەواو هەیە، کە لە (جووتی پێ بکا)دا بە مانای کێڵان، (جووت)ی دووەمیش بە واتای (ئاژەڵی زەوی کێڵان) و سێیەمیش بە واتای (دووانە یا پێکەوەلکاو) هاتووە.

٢ . ٢ . ١ . ٢: ڕەگەزدۆزیی ناتەواو

ڕەگەزدۆزیی ناتەواو "بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە یەک یان زیادتر لە مەرجێکی (ڕەگەزدۆزیی تەواو) لە دەستدەدات، واتە بەشێکی گرنگی (ڕەگەزدۆزییە) لە دوو وشە پێکدێت، کە تاڕادەیەک لێکچوون لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لێکچوونەکە تەواونەبێت، لە واتاشدا هەر دوو وشەکان لەیەکتری جیاوازبن و هەریەکە واتای سەربەخۆی خۆی هەبێت ئەوەش زیادتر لە جۆرێکی هەیە، وەکو جودا و کەرتی و زیاد و پێچەوانەیی و هاوکێشی و ... هیدیکە" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ١٨)، بەو واتایەی بە نەبوونی هەر کامێک لە مەرجەکانی ڕەگەزدۆزیی تەواو، کە (ژمارە و جۆر و شێوە و چۆنیەتی ڕیزبوونی پیتەکانە)، ئەوا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە دەقەکەدا دروست دەبێت، هەروەک ئەم نموونانەی شاعیر:

**دەمکوژێ حوکمە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب**

**وەرە سا بەشقی خوا دەس لە یەخەم بەردە طەبیب**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 42)

لە نێوان (حەبیب) و (طبیب)دا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە، چونکە لە پیتی (ح) و (ط)دا جیاوازن.

**سوورەت و سیرەتی لە پیاو ناچێ**

**ئەو قورمساغە مێیە یا نێرە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٩٠)

لە نێوان (سوورەت) و (سیرەت)یشدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە، چونکە لە تاکە پیتێکدا (وو) و (ی)دا جیاوازن.

**بەجێما کاکە جاف خۆی و کڵاوی**

**دەربکرد ئافەرین خدری گڵاوی**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ١١٨)

هەردوو وشەی (کڵاو) و (گڵاو) لە تاکە پیتێکدا (ک) و (گ)دا جیاوازن، بۆیە دەبنە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو.

**ڕەگەزدۆزیی ناتەواو چەند جۆرێکی هەیە، لێرەوە هەوڵدەدرێت هەندێکیان بە نموونەی شیعری شاعیرەوە نیشانبدرێن:**

٢ . ٢ . ١ . ٢ . ١: ڕەگەزدۆزیی جودا

یەکێکە لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزیی ناتەواو و سەرچاوەیەکی دیاری جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرە، کە لە نێو دێرە شیعردا دەردەکەوێت بە جیاوازی لەجۆری پیتەکانی وشەکە و ماناکەی، (عەزیز گەردی) لە بارەیەوە گوتویەتی: "ئەو جۆرەش وادەبێ دوو وشە یان زیاتر بێنی کە ژمارە و شێوە ڕیزی پیتەکانیان یەک بێ بەڵام جۆری هەموو پیتەکانیان یەک نەبێت و لەتاکە پیتێکدا لێک جودابن" (گەردی، ١٩٧٥: ١٩)، هەروەک ئەم نموونەیە:

**پیری بە تەنها ڕەحمەتە**

**پیری و فەقیری زەحمەتە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 97)

لە نێوان (ڕەحمەت) و (زەحمەت)دا ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی جودا هەیە، چونکە لە تاکە پیتێکدا (ڕ) و (ز)دا جیاوازن.

٢ . ٢ . ١ . ٢ . ٢: ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی هاوکێش

یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزیی ناتەواوە، کە "بریتییە لە بوونی دوو وشە ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانیشیان لەیەک جیابێت، بەڵام لەسەر یەک کێش بن" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٢٥)، بەو واتایەی ئەم جۆرەی ڕەگەزدۆزی بەوە دەناسرێتەوە، کە وشەکان لەڕووی پیتەکانەوە جیاوازن، بەڵام لەسەر یەک کێشن و چۆنیەتیی دەربڕینیان لە یەکەوە نزیکە، بۆ نموونە:

**ئەو ڕۆژە کە تۆرام و لە کەرکووک سەفەرم کرد**

**مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٤٩)

دەربڕینەکانی (سەفەرم کرد) و (حەزەرم کرد) ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی هاوکێشیان دروستکردووە، ئەگەرچی لەڕووی پیتەوە جیاوازان، بەڵام لەسەر یەک کێشن، هەروەها (عەقاریب) و (ئەقاریب)یش.

٢ . ٢ . ١ . ٢ . ٣: ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی زیاد

مەبەست لە ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی زیاد، یا "ڕەگەزدۆزیی زیاد ئەوەیە، کە ئەم دوو وشەیەی کەوتوونەتە بەر کاریگەریی ڕەگەزدۆزی جۆر و شێوە و ڕیزی پیتەکانیان یەک بێت، بەڵام ژمارەی پیتەکانیان ئەوەندەی یەکتر نەبێ، یەکێکیان پیتێک یا دوو پیتی لەوەی تر پتربێت، هەر لەبەرئەمەشە پێی دەگوترێت ڕەگەزدۆزیی زیاد" ( گەردی، ١٩٧٥: ١٦)، بۆ نموونە:

**سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد**

**شەککەری خواردووە نەی سەروو سەری داوە لە بەرد**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ١٩٨)

لە نێوان هەردوو وشەی (نەبەرد) و (بەرد)دا ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی زیاد هەیە، چونکە وشەی (نەبەرد) دوو پیتی یەکەمی (نە)ی زیادترە لە وشەی (بەرد)، کە لە فرێزی بەندی (لە بەرد)دا هاتووە.

٢ . ٢ . ١ . ٢ . ٤: ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی کەرتی

ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی کەرتیش "جۆرێکی دیکەی ڕەگەزدۆزیی ناتەواوە، بریتییە لە بوونی دوو وشە، کە دووەمیان کەرتی یەکەمیانە واتە: وشەی دووەم لەڕووی ژمارەی پیتەکانەوە لە وشەی یەکەم کەمترە، کە ئەوەش وابێت، کەوابێ واتای هەردوو وشەکەش لە یەکتری جیادەبنەوە، و هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆی دەبێت" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٢٨)، واتە ئەو دوو وشەیەی ڕەگەزدۆزییەکە پێکدەهێنن، ئەوا کەرتی وشەی دووەم ژمارەی پیتەکانی کەمترە و جیاوازە لە ڕووی واتاوە لەگەڵ وشەی یەکەمدا، بۆ نموونە:

**بێگانە هەموو ساحێبی جاهـ و جەبەڕووتن**

**بێچارە برای شێخ عەلی موفلیس و ڕووتن**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٧٦)

وشەی (جەبەڕووت) کەرتکراوە و وشەی (ڕووت)ی لە دواوە هاتووە، بەمەش ڕەگەزدۆزیی ناتەواوی کەرتی دروست بووە.

٢ . ٢ . ٢: لێوەرگرتن

ئەم هونەرەی جوانکاری لە عەرەبیدا (اقتباس)ی پێدەگوترێت... کە تێیدا فرێزێک یا ڕستەیەک لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (د .خ) بخرێتە نێو قسەی شاعیرەوە بەجۆرێک، خوێنەر بزانێ ئەو دەربڕینە هی خۆی نییە و قورئانە یان فەرموودەیە (مودەڕیس، ١٩٩١: ٦١)، بە واتایەکی دیکە "لێوەرگرتن وشەیەکە بۆ هەموو شت ئەبێ، واتە: شتێکی گشتیە، هەر شتێکی ماددی، یامەعنەوی لەشتیکی تر وەربگیرێ هەر لێ وەرگرتنە بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هۆنەر وەیا نووسەر هەندێک وشە بەگوزارەکەیەوە لەشتی تر وەرئەگرێ و ئەیخاتە ناوبەرهەمەکەی خۆیەوە" (سەجادی، ١٩٧٨: ١٥٢)، کەواتە لێوەرگرتن "وەرگرتنی دەق و هێنانیەتی بۆ ناو شیعر بۆ ڕوونکردنەوە" (عەبدولواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٥: ١٤٠)، بۆ نموونە شێخ ڕەزا دەڵێت:

**بۆم دەنێرێ نیسک و نۆک و سوتەنی خاکە و خەڵوز**

**لازمە بۆ گۆڕی حاجی هەر بخوێنم (قل أعوذ)**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٦٥)

لێرەدا شاعیر (قل أعوذ)ی لە ئایەتی یەکەمی هەردوو سوڕەتی (الناس) و (الفلق) وەرگرتووە، و شیعرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەندکردووە.

**هیجا مەزمومە توخوا لێم گەڕێن با تۆبە نەشکێنم**

**(ولا تلقوا بأيدكم) غەرەز بۆ دەفعی ئیهلاکە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٩٥)

لێرەدا شاعیر (ولا تلقوا بأيدكم)ی لە ئایەتی (١٩٥)ی سوڕەتی (البقرة)ی وەرگرتووە و هێناویەتییە نێو شیعرەکەیەوە، و پێی ڕازاندووەتەوە.

**کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد**

**سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٣٣)

شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا بەشێکی لە پەندێکی پێشینانی وەرگرتووە، کە دەڵێت: (کارێکی پێکرد با بە دەواری شڕی ناکات).

٢ . ٢ . ٣: تێهەڵکێش

تێهەڵکێش ئەوەیە شاعیر بێدەستکاریکردن، ئایەتێك یان بەشێك لە ئایەتێك، فەرموودەیەک یان بەشێك لە فەرموودەیەک، پەندێکی پێشینان، ئیدیۆمێك، دێڕە شیعرێك یان نیوەدێڕی شیعری شاعیرێکی دیکە، دەخاتە نێو شیعرەکەی خۆیەوە، بەجۆرێك، کە خوێنەر بزانێت ئەو بەشە هی خۆی نییە، و هی کەسێکی دیکەیە (مودەڕیس، ١٩٩١: ٦١)، بۆ نموونە:

**شێخ عەلی ئەتواری باوکت تێك مەدە**

**(قل هـو الرحـمـن أمـنا بـه)**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 102)

لەم دێڕەدا (قل هو الرحمن امنا به)، کە بەشێکە لە ئایەتی (29)ی سورەتی (الملك) تێهەڵکێشی شیعرەکە کراوە.

٢ . ٢ . ٤: هێنانەوە

هێنانەوەش یەکێکی دیکەیە لە هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی، و شاعیران لە نێو بەرهەمەکانیاندا بایەخیان پێداوە و بەکاریانهێناوە، کە "ئەم هونەرە پەیوەندی بە وشەوە هەیە، واتە شاعیر تا چەند توانیویەتی یاری بە وشە بکات و بزانێت لە نێو دێڕە شیعرەکاندا لە چ شوێنێک هەمان وشە دەهێنێتەوە" (شەعیا، ٢٠١٦: ٨٥)، چونکە مەبەست لێی "هێنانەوەی وشەیە جا لەسەرەتا بێت یان ناوەڕاست و هەمان وشە لە کۆتایی بێنێتەوە" (دزەیی، ٢٠١٥: ١٣٩)، بەو واتایەی دووبارەکردنەوەی وشەیەک لە نیوەدێڕی یەکەم و نیوەدێڕی دووەم جا لە سەرەتا و نێوەڕاست یان کۆتایی نیوەدێڕەکەدا بێت. بەم شێوەیە هێنانەوە "بریتییە لە بوونی دوو وشەی هاوشێوە، یان هاوڕەگەز، یەکیان لە کۆتایی دێڕەکە دێت، ئەوی تریشیان دەکەوێتە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم، یان ناوەڕاستی، یان کۆتاییەکەی، یان سەرەتای نیوەدێڕی دووەم، یان ناوەڕاستەکەی" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٣٠)، ئەم هونەرەش لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە:

**بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارەکرد**

**ئەی حەمەی وەستا فەتاح دایکت بە کێری نێرەکەر**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٦٤)

لەم دێڕەدا ئەوەی کە هونەری (هێنانەوە)یان دروستکردووە فرێزی (حەمەی وەستا فەتاح)ەکانن، کە یەکێکیان کەوتۆتە نیوەدێڕی یەکەم، و ئەوی دیکەیان کەوتۆتە نیوەدێڕی دووەمەوە.

**بۆ لەبەر ناڵە نەبێ حەڵقەیی حەڵقم بە سرود**

**بۆ لەبەر گریە نەبێ چەشمەیی چەشمم بە سەراب**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٤٢)

لەم دێڕەدا شاعیر بە لێهاتویی هێنانەوەی بەکارهێناوە، ئەوەی هونەرەکەش تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، بریتین لە دوو (بۆ)یەکە، کە یەکیان لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەمدا هاتووە، و ئەوی دیکەشان لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمیاندایە.

٢ . ٢ . ٥: گێڕانەوە

گێڕانەوە لە ڕەوانبێژیدا "بریتییە لە بەکارهێنانی چەند جارەی وشەیەک یان دەستەواژەیەک بەو مەرجەی هەر جارەی لەپاڵ شتێکەوە هاتبێت" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٣٤)، بە بۆچوونی (عەزیز گەردی)ش "گێڕانەوە واتە بوونی وشەیەک یان ڕستە و دەستەواژەیەک کە مانایەکی سەربەخۆ و تایبەتی هەبێت، بەڵام هەمان وشە یان ڕستە و دەستەواژەکە دووبارەبکەیەوە بەڵام لەپاڵ وشەیەکی تر و شتێکی تر کەمانای جیاواز و تایبەتی خۆی هەبێت و پەیوەندیی بەشتێکی ترەوە هەبێت" (گەردی، ١٩٧٥: ٤٢)، هەروەک لەم دێڕەی شاعیردا بە دەردەکەوێت:

**کافی کلک و کافی کون و کافی کەر تێکەڵ کرا**

**ئیسم و ناو و شۆرەتی کەرکووکی لێ تەشکیل کرا**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٣٩)

شاعیر وشەی (کاف)ی لە نیوەدێڕی یەکەمدا سێجار بەکارهێناوە، بەڵام هەرجارەی لەپاڵ وشەیەکدا.

٢ . ٢ . ٦: پاتکردنەوە

پاتکردنەوەش یەکێکی دیکەیە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، و "ئەوەیە هۆنەر یان نووسەر، وشەیەک یا دەستەواژەیەک یا ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک پاتی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لەجارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان، نەگۆڕێ، واتە: نابێ ووشەکان نە لەڕواڵەت و نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردابێت" (گەردی، ١٩٧٥: ٤٧)، زۆرجاریش ئەم جۆرە لە "دوبارەبونەوە دەچێتە خانەی زیادەڕۆیی، بەڵام ئەرکی جەختکردن دەبینێت" (دزەیی، ٢٠١٥: ١٤٠)، لەم بارەشەوە شێخ ڕەزا گوتویەتی:

**هاتەوە ئاشوبی دەوران مەردی مەیدان هاتەوە**

**شێری یەزدان لەندەهۆری ئیبنی سەعدان هاتەوە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ١٩٦)

لەم دێڕەدا دەبینین وشەی (هاتەوە) سێجار بەکارهاتوە و بەهەمان واتا.

٢ . ٢ . ٧: کەرتکردن

کەرتکردن هونەرێکی دیکەی جوانکاریی وشەییە لە شیعری شاعیراندا، مەبەست لێی ئەو سەروایەیە "کە بێجگە لە سەروای گشتی هۆنراوەکە، شاعیر بۆ تەفعیلە و دەستەواژەکانی نێو دێڕ و نیوەدێڕەکانی هۆنراوەکەی دادەنێت" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢: ٣٢)، بە واتایەکی دیکە "دابەشکردنی دێڕی شیعرە بۆ چەند کەرتێکی سەروادار و لەگەڵ بوونی سەروای گشتی" (دزەیی، ٢٠١٥: ١٣٩)، لە شیعرەکانی شێخ ڕەزاشدا ئەم هونەرە بەکارهێنراوە، بۆ نموونە:

**ڕەنگی کەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی دەڵ، خووی چەقەڵ**

**چاوی کوێر، مەخزەنی کێر، مەقعەدی پڕبادی هەیە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٨٧)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا (کەر، بەقەر) و لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (کوێر، کێر) کۆتاییان بە دەنگی (ر) هاتووە، و جۆرە سەروایەکیان بۆ شیعرەکە

دروستکردووە، کە هەریەکەیان وشەیەکی سەروادارى سەربەخۆیە و لە شیعردا بە کەرتکردن دەناسرێن.

٢ . ٢ . ٨: دژبەک و جۆرەکانی

دژبەک، بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان زمان و ئەدەبدا، لە ڕووە ئەدەبییەکەیەوە بەر زانستی (جوانکاری)، و لەم زانستەدا بەر جوانکاریی واتایی دەکەوێت، گرنگییەکەشی "لە لایەک جوانییەک بە دەربڕین دەبەخشێت، لەو لاشەوە واتای دەق فراوانتر دەکات، کاتێک کە دەڵێین: (دەر و ژوور) ، (شەو و ڕۆژ) ، (پاک و پیس) گەڕاوم، یا بینیومە، یا هەرشتێکی تر، واتە هیچت نەهێشتووەتەوە لە ڕووی ئەو فرمانەی بەکارتهێناوە تاقیتنەکردبێتەوە و سوودت لێوەرنەگرتبێت، هەر ئەمە وادەکات مەبەستەکانی قسەکە ڕوونتریش بێت، لەوەی تەنیا یەک لایەنی دوو وشە دژبەکەکە بەکاربهێنێت، لەبەر هەموو ئەوانە ئەدەب لە کۆنەوە گرنگی زۆری بەو هونەرە داوە و دەکرێ بڵێین: ئەدیب نییە لە دەربڕینەکانی دژبەکی بەکارنەهێنابێت" (عەبدوڵلا، ٢٠١٢: ٨٦).

مەبەستیش لە "دژبەک بریتییە لە هێنانی دوو وشەی مێڵ و دژبەک، یا ڕووبەڕووکردنی دوو واتای پێچەوانە، جا ئەم دژبەک و پێچەوانەیە داوێک بێ لەتان و پۆی هۆنراوەدا یا قەفێک بێ لە زنجیرەی پەخشاندا" (گەردی، ١٩٧٥: ٦٨)، گرنگی و جیاوازیی ئەم پێناسەیە لە پێناسەکانی دیکەی دژبەک لەوەدایە، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دژبەک تەنیا تایبەت بە شیعر نییە، بەڵکو لە پەخشانیشدا، تەنانەت لە قسە و گفتوگۆی ڕۆژانەشدا بوونی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر با بڕوانینە ئەم نموونانەی شاعیر:

**موئنیسی ڕۆژ و شەوم باعیسی ئارامی دڵم**
**ڕۆیی و من لە غەمی کەوتمە نێو بەحری عەزاب**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 42)

لە نێوان (ڕۆژ) و (شەو)دا دژبەك هەیە.

بێ فراز نابێ نەشیب ئەم قسە تەحقیقە وەلێ
من لە ڕێی عەشقی تۆ نەمدی بەخوا غەیری نەشیب
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٤٣)

لەم شیعرەدا لە نێوان (فراز)، کە واتای (شوێنی بەرز) لەگەڵ (نەشیب)دا، کە بە مانای (شوێنی نزم) دێت دژبەک دروستبووە.

لە کۆی ئەم پێناسە و تێڕوانینانەی پێشوەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، دژبەک هێنان و کۆکردنەوەی دوو وشەی واتادژ و پێچەوانەی یەکن، جا ئەم وشانە لە فەرهەنگدا بوونی سەربەخۆیان هەبێت، یان یەکێکیان نەرێی ئەوەی دیکەیان، بێت هەر لێرەشەوە دەردەکەوێت، کە دوو جۆری سەرەکی لە دژبەک هەیە، ئەوانیش:

٢ . ٢ . ٨ . ١: دژبەکی فەرهەنگی

ئەم جۆرە دژبەکە، کە بە دژبەکی (ئەرێنی) و (ئیجابی) و (پۆزەتیف)یش ناودەبرێت (عوسمان، ٢٠١٠: ٦٩)، بەوە دروست دەبێت، کە ئەو دوو وشەیەی بەکاردەهێنرێن و دژبەکیان لێدەکەوێتەوە، دەبێت بە جۆرێکبن، کە لە ڕووی ڕەگەزەوە پێوەندییان پێکەوە نەبێت، بەڵکو هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆبێت، بەو واتایەی دەبێت وشەکان و کەرەستەکان بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگدا بوونیان هەبێت، یاخود دژبەکی فەرهەنگی "بریتییە لە هێنانی دوو وشەی ئەرێی دژبەیەک، هەریەک لەو دوو وشانە لە فەرهەنگدا وەکو لێکسیمی سەربەخۆ خۆیان دەنوێنن و ڕەگێکی سەربەخۆیان هەیە" (جامی، ٢٠١٦: ٦٢)، (شێخ ڕەزا) لە چەندین دێڕە شیعردا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە:

**چووم بزانم ماوە یاخۆ مردووە وەختێ کە دیم**
**شادەماری سستە نابزوێ ڕەگی قاچ و قولی**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 109)

لە نێوان وشەی (ماوە) کە دژی (مردووە) دژبەکی فەرهەنگی هەیە.

**وام لێهاتووە لە دووری کاکە ئەمین**
**چەپ و ڕاستم نەزانم کامەن و چین**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 144)

لێرەشدا (چەپ) دژی (ڕاست)ە، و هەردووکیان لە فەرهەنگدا سەربەخۆن.

٢ . ٢ . ٨ . ٢: دژبەکی نافەرهەنگی

ئەم جۆرە لە دژبەک، هەریەکە لە زاراوەکانی دژبەکی (نەرێنی) و (سەلبی) و (نێگەتیف)ی بۆ بەکاردێت (عوسمان، ٢٠١٠: ٧٠)، ئەمەش بە زۆری وادەبێت کە لە پێشدا وشەیەک بێنی (ناو بێ یا کردار)، پاشان وشەکە نا (نەرێ) بکەیت، وەکو (دەچم ـ ناچم) ، (پیاو ـ ناپیاو) ، (یار ـ نەیار) ، (هەڵستا ـ هەڵنەستا)، کەواتە دژبەکی نافەرهەنگی مەبەست لێی بوونی دوو وشەیە، کە یەکێکیان لە ئەنجامی ناکردنی ئەوی دیکەیانەوە دروستبووە، واتە وشەکان هەریەکن، بەڵام ئەوەندە هەیە یەکێکیان مۆرفیم یاخود ئامڕازی ناکردنی چووەتە سەر، بە گوتەیەکی دیکە دژبەکی نافەرهەنگی "ئەو دژبەکەیە دوو واتا دژبەکەکە لە دوو وشەی ئەرێ و نەرێدا بێ" (دزەیی، ٢٠١٥: ١٢٠)، بەم پێیە دەردەکەوێت دژبەکی نافەرهەنگی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگی زماندا خاوەنی یەک ڕەگن، بەڵام وشەیەکیان بە پێواژۆ ڕێزمانییەکاندا تێپەڕدەبێت، و دەبێتە پێچەوانەی ئەوەی دیکەیان، ئەم دژبەکەش لە دیوانی (شێخ ڕەزا)دا بوونی هەیە، بۆ نموونە:

**هات وا سەیری نەهاتی کەن کە سەد تیپ و سوپا**
**پاسەوانی بوو لە نێو بەستا پیادەێ کردی مات**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٥٦)

لەم دێڕە شیعریەدا شاعیر وشەی (هات) و (نەهات)ی بەکارهێناوە، وشەی (نەهات)، کە ناکراوی وشەی (هات)ە، و هونەرەکەیان دروستکردووە.

٢ . ٢ . ٩: جوانی باییس

یەکێکی دیکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی جوانی باییسە، ئەویش بەوە دروست دەبێت کە لە دێڕە شیعرێکدا هۆیەکی ڕاستەقینە بۆ دیاردەیەک هەبێت، بەڵام شاعیر بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوە، ئەو هۆیە ڕاستەقینە پشتگوێ دەخات، و هۆیەکی دیکەی بۆ دادەتاشێت (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٥٢)، بە گوتەیەکی دیکە مەبەست ئەوەیە، شاعیر ڕوودانی کارێک بداتە پاڵ هۆیەک، کە ئەوە هۆ ڕاستەقینەکەی نەبێت، بەڵکو تەنیا بە نیازی جوانکاری و ڕازاندنەوەی شیعرەکە ئەو کارە بکات، هەروەک لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت:

**گەر لە پەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتە گوێ**
**بولبولی شیرین زوبان مەیلی غەزەلخوانی دەکا**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 37)

ئاشکرایە، کە (بولبول) بە دەنگی خۆش و چەهچەهە بەناوبانگە، بەڵام شاعیر هۆیەکی داتاشراوی لە جێگای هۆیە ڕاستەقینەکە داناوە، و دەڵێت: بولبول کاتێك جریوە دەکات و گۆرانی دەچرێت، کە گوێی لە دەنگی یاربێت.

**کافی کلك و کافی کوون و کافی کەر تێکەڵ کرا**

**ئیسم و ناو و شۆرەتی کەرکووکی لێ تەشکیل کرا**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 39)

لەم دێرەدا شاعیر بۆمان باسی وشەی (کەرکووك) دەکات، کە سێ پیتی کافی تێدایە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، و بە پێی یاسای فۆنۆلۆژی ڕیزبوون. بەڵام شاعیر، وەك خەڵکی ئاسایی لە شتەکان ناڕوانێت، و دیاردەکە دەخاتە قاڵبێکی ئەدەبییەوە، و سێ وشەکانی (کلك ، کوون ، کەر)ی هێناوە، کە گوایە پیتی کافەکەی ئەوانە، وشەی (کەرکووکی) دروستکردووە.

**لە سەگم پرسی عەجەبا قەومتە حوسنی پاشا**

**توڕەبوو کلکی لەقان و وتی: حاشا حاشا**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: ۳۸)

کلکلەقاندنی سەگ نیشانەی ناسینەوەی کەسێک یا خاوەنەکەیەتی، بەڵام شاعیر دەیگێڕێتەوە بۆ توڕەبوون و بێزێزیکردن بەرانبەری.

۲ . ۲ . ۱۰: پۆشین

ئەم هونەرەی ڕەوانبێژی لە "عەرەبیدا (التوریە)ی پێدەڵێن... بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دوو شت، یەکیان واتایەکی دووری هەبێ، ئەویتریان واتایەکی نزیک، بەڵام لە دەقەکە مەبەست واتا دوورە کە بێ" (عەبدوڵڵا، ۲۰۱۲: ۱٤۰)، بە واتایەکی دیکە دەکرێت بگوترێت: "پیشەیەکی قەشەنگە، لە پیشە ڕەوانبێژییەکان، مانای ئەوەیە، کە هۆنەر، یان نووسەر وشەیەك بێنێت، ئەو وشەیە دوو واتا بگەیەنێت، یەکی دوور و یەکی نزیك" (گەردی، ۱۹۷۵ : ۸۰)، و بەهۆی نیشانەیەکی پۆشراوەوە مانا دوورەکەی مەبەستبێت، کە دەڵێین: نزیك و دووریش مەبەستمان ئەوەیە، کە نزیکەکە خوێنەر زوو بیری بۆی دەچێت، بەڵام دوورەکە درەنگتر، و هەندێك بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دەوێت. تەنانەت ئەگەر خوێنەر شارەزایی و زیرەکی نەبێت لە ئەدەبدا ئەوا لەوانەیە بیری بۆ مانا دوورەکە هەرنەچێت (سەجادی، ۱۹۷۸: ۹۲). جا مەرجیشە شاعیر لەم دوو واتایە واتا دوورەکەی مەبەستبێت، بۆ نموونە:

**بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان شێخ حەسەن**

**سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کەرە**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 102)

وشەی (کەر)، لە نیوەدێڕی دووەمدا دوو مانای هەیە، نزیکەکەیان (گوێدرێژ)ە ڕاستییەکەی لەتی یەکەمە، بەڵام مانا دوورەکەی مەبەستی پێ لە (شێخ حەسەن)ە، کە لەسەر کەرە ڕاستەقینەکە شەڕ و گۆبەندی لەگەڵ شێخ ڕەزا ناوەتەوە.

**گەرچی فەقیر و موفلیسە مامە شێخ ساڵحم**

**نەمدی کەسێ وەکو ئەو ساحێبی کەرەم**

**میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم**

**ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 73)

وشەی (کەرە) مانا نزیکەکەی (ڕۆنەکەرە)یە، ئەو ڕۆنەی لە ژاندنی مەشکە دەستدەکەوێت، کەچی شاعیر بۆ مانایەکی دیکە بەکارهێناوە، کە دەڵێت: (ئەو کەرەم) مەبەستی (مامە شێخ ساڵح)یەتی و بە (کەری داناوە).

۲ . ۲ . ۱۱: کۆکردنەوە

کۆکردنەوە بوونی چەند وشەیەکە، کە لەژێر یەک بڕیاردان (دزەیی، ۲۰۱۵: ۱۲٦)، بەو واتایەی کۆکردنەوە بەوە دێتەدی، کە چەند شتێک پێکەوە کۆبکرێنەوە و هەموویان یەک حوکم و بڕیاریان بەسەردا بدرێت، هەروەک لەم نموونانەی دیوانی شاعیرەوە ڕوونتردەبێتەوە:

**لەبەرقاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید**

**مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 81)

وشەکانی (شێخ ، مەلا ، زاهید) هەموو پێکەوە لە (سەفیان دەبەست)دا کۆکراونەتەوە.

**بۆم دەنێرێ نیسك و نۆك و سووتەنی و خاکە و خەڵووز**

**لازمە بۆ گۆڕی حاجی هەر بخوێنم (قل أعوذ)**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 65)

وشەکانی (نیسك ، نۆك ، سووتەنی ، خاکە ، خەڵووز) وێکڕا لە (بۆم دەنێرێت/ ناردن)دا کۆکراونەتەوە.

۲ . ۲ . ۱۲: لێککردنەوە

لێککردنەوە یەکێکی دیکەیە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بەر جوانکاریی واتایی دەکەوێت، کە "بریتییە لە جیاوازی خستن لە نێوان چەند شتێکدا لە یەک جۆر" (مودەریس، ۱۹۹۱: ۱۸)، بەم شێوەیە دەردەکەوێت "لێککردنەوە بە تەواوی پێچەوانەی هونەری کۆکردنەوەیە، کۆکردنەوە واتە کۆکردنەوەی دوو وشە یان زیادتر لەژێر یەک بڕیاردا کۆدەکرێتەوە، بەڵام لێککردنەوە بوونی دوو وشە یان زیاترە کە پێکەوەدێن، بەڵام لێکجیادەکرێنەوە و جیاوازی نێوانیان دیاردەکەوێت" (عەبدوڵڵا، ۲۰۱۲، ۱۲٤)، بۆ زانینی پتر ئەم نموونانەی شاعیر تۆماردەکرێن:

**تاڵەبانی زۆرن ئەمما هەر دووانیان دێنەکار**

**ڕۆژی دەعوا شێخ حەمید و ڕۆژی حەلوا شێخ ستار**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 63)

لەم دێڕە شیعرەدا (شێخ حەمید) و (شێخ ستار)، کە پێکەوە هاتوون لێککراونەتەوە.

**تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان**

**فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەك ئاسمان و ڕێسمان**

(خاڵ & ئاشنا، ۲۰۰۳: 79)

لەم شیعرەشدا شاعیر (تیغی دەبان) و (تیغی زبان)ی لێککردووەتەوە.

۲ . ۲ . ۱۳: تێلنیشان

ئەم هونەرەی ڕەوانبێژی و جوانکاریی واتایی "ئەوەیە کە هۆنەر لە هۆنراوەکەیدا هێما بۆ داستانێک یا کارەساتێک یا پەندێکی پێشینان یان ئایەتێکی قورئان بکا" (گەردی، ۱۹۷۵: ۱۳)، کە لە زمانی "عەرەبیدا (تلمیح)ی پێدەگوترێت ... بریتییە لە ئاماژەدانی شاعیر، بە ئایەتێکی قورئانی

پیرۆز، یان فەرموودەیەک، یان پەندێکی پێشینان و ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ، یان داستان و بە سەرهات و هەرشتێکی تری هاوشێوە، بەڵام بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ شتێ دەکات، لە سەری بوەستێ و بە درێژی باسی بکات، بەڵکو هەر بە ئاماژەیەکی خێرا بەسەریاندا تێدەپەڕێت" (عەبدوڵلا، ٢٠١٢: ١٣٧) پێناسەکانی تێلنیشان جەخت لەسەر یەک خاڵی سەرەکی دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر تەنیا ئاماژە بۆ بابەتەکە دەکات، بێئەوەی بە درێژی لە بارەیەوە بدوێت، و زانیاریی زۆری لە بارەوە بخاتەڕوو، هەروەکو ئەم نموونانە:

**بە ڕەمز و ئیشارە قسەم پێ دەڵێ بەگی جافان**

**بـزن قنگی نەخوریَ چی دەویَ لە نانی شـوان**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 78)

لێرەدا ئاماژە بۆ پەندەکانی (بزن کە خوا بیگرێت، نانی شوان دەخوات) ، (بزن کە ئەجەلی هات، نانی شوان دەخوات) ، (بزن نەیخوریَ بن فیچکی ڕانی، چ ئیشی هەیە بە نانی شوان) کراوە.

**عـومەرم دی عـومەری پێشـووتریش گەر وابێ**

**گەردنی شیعە دوو سەد دەفعە لە سەب ئازا بێ**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 116)

ئاماژە بۆ (عومەری کوڕی خەتاب) کراوە، کە یەکێکە لە چوار جێنشینەکانی پێغەمبەری خوا (د . خ)، و دژایەتیکرانی لە لایەن شیعەوە.

**ئەهلی عیبرەت ماوە گەر بێن سەیری ناسڕشا بکەن**

**دوو لە سێ کەم شەهی کرد و (کش)ێکی ڕێ نەهات**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٤٧)

شێخ ڕەزا لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا وشەی (ناسڕشا)ی هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ (ناسرەدین شای قاچاری)، کە بە دەستی (میرزا ڕەزا کرمانی) تیرۆرکراوە.

٢ . ٢ . ١٤: زێدەڕۆیی

بە گشتی مەبەست لە زێدەڕۆیی "واتە: زیادەڕۆیی و لە ڕادە دەرچوون" (مودەڕیس، ١٩٩١: ٢١)، کە بۆ باسکردن و نیشاندانی سیفەتێکە بە جۆرێك ئەوەندە بەهێز، یان بێهێزە، کە ئاوەز و عەقڵ نایبڕێت، و لە کەتوار (واقیع) و ڕاستییەوە دوورە، و زێدەڕۆیی تێدا کراوە، هەروەک ئەم نموونانە:

**هەزار هەوسار و دەسبەند و گوریسی لێ دروست ئەکرێ**

**بە سەد باتمان خوری گەر دەسکەوێ هەرزانە ئەم ڕیشە**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 93)

لێرەدا زێدەڕۆیی لە باسکردنی چەندییەتی و نرخی (ڕیش)ەکە کراوە.

**چەرمی ڕووی هێند قایمە شمشێری میسری نایبڕێ**

**گەر بە کەوشی کەی دەمێنێ تا قیامەت نادڕێ**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 118)

لێرەدا زێدەڕۆییەکە لە (چەرم)دایە، چونکە هیچ چەرمێک نییە، کە شمشێر نەیبڕێت!

٢ . ٢ . ١٥: درکە

درکە وشەیەك یان زیادترە، کە مانایەکی جیا لە مانا ڕووکەش و ڕاستەوخۆیەکەی دەگەیەنێت، و بەشێوەی ئامادەکراو لە زماندا هەن، و بۆ غەیری مانا ڕاستەقینەکەی خۆیان لە زمانی ڕۆژانە، و نووسیندا بەکاردەهێنرێن (نوری، ٢٠٠٧: ١٨٨ . ١٨٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین: درکە برتییە لە بەکارهێنانی دەربڕینێک، یان ڕستەیەك، و مەبەستنەبوونی مانا ڕاستەقینەکە، و لە دڵگرتنی مانایەکی دیکە، بۆ نموونە:

**تـۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان**

**فەرقی ئەم دوو تیغە هەروەك ئاسمان و ڕێسمان**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 79)

لەم دێڕەدا (ئاسمان و ڕێسمان) درکەیە، بۆ بەراوردکردنی دوو شت، کە هەرگیز بە یەك ناگەن.

**سـەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد**

**شەککەری خواردووە نەی سەروو سەری داوە لە بەرد**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 51)

لێرەشدا (شەککەری خواردووە/ شەکری خواردووە) درکەیە، لە قسەکردنێکی نابەجێ، و کردنی کاری نەشیاو.

٢ . ٢ . ١٦: لێچواندن

یەکێك لە هەرە هونەرە جوانەکانی ڕوونبێژییە، کە بۆ "خستنەڕووی شتێک یان چەند شتێکە لە ڕووی واتاوە، کە هاوبەشن لە سیفەتدا ... بۆ دەرخستن و ڕوونکردنەوەی شتێکی نادیارە، کە بە شتێکی دیار و ناسراو دەچوێندرێت، یان دەرخستنی برِ و سۆز یا ڕازاندنەوەی دەربڕین" (دزەیی، ٢٠١٥: ٧١) ئەویش بەوەی شتێك لە شتێکی دیکە دەچوێنرێت بۆ ئەوەی سیفەتێکی تایبەتی بەسەردا ببڕێت، و ئەو شتەی دەمانەوێت وەسفی بکەین پێی دەڵێن: (وێچوو)، شتەکەی دیکەش کە سیفەتەکەی تێدا زاڵە پێی دەڵێین: (وێچوێنراو)، سیفەتە هاوبەشەکەش (لێچوون)ە، ئامرازیش ئەگەر هەبێت (ئەوزار)ە. بە گشتی دەکرێت بگوترێت: لێچواندن "بەستانی پەیوەندییەک لە نێوان دوو شت یا زیاتر، یان چواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، بە مەبەستی هاوبەشی کردنیان لە سیفەتێک، یا زیاتر لە سیفەتێک لە نێوان هەردوو شتدا، ئەمەش بە زیاتر لە شێوازێک پێشکەش دەکرێت، هەیانە ڕاستەوخۆ بە بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بە سوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، لێکچواندنەکە دروست دەکەن" (عەلی، ٢٧١٥: ٢١ . ٢٢)، بۆ نموونە:

**قوبوری پڕ لە نووری ئالی بابان بڕ لە ڕەحمەت بێ**

**کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٨١)

شاعیر هاتووە پێوەندی یا ڕاستتر بڵێین: دەیەوێت چاکەی ئەهلی بابان ڕوونبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە وێنەیەکی ئاشکراو و دیاری هەستپێکراوی هێناوە، کە ئەویش بارانی بەهارییە یا بارانی مانگی نیسانە و پێی چواندووە، واتە (بارانی کەفی ئیحسان)ی بە (هەوری نیسان) چواندووە، و ئەوزاری (وەک)یشی بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی ئەم پێوەندییە.

**میر بە سەد منەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت**

**دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت**

(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 44)

شاعیر دەڵێت: ئەندامی (جەستەی ئێسترەکە) وەك (عەنکەبووتە) و لەو دەچێت، و لێرەدا ئەوزاری (هەروەك)ی بەکارهاتووە.

**قامەتی بێ شك نەمامی عەرعەر یا سەوسەنە**
**دەك فیدای ناز و گریشمەت بم پەریزادەی سنە**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 103)

لەم شیعرەدا (قامەت) . باڵای یار. بە نەمامی (عەرعەر و سەوسەن) چوێنراوە، بە بێ ئەوەی هیچ ئەوزارێك بەكارهێنرابێت، بۆیە جۆری لێچواندنەكە دەبێتە لێچواندنی جەختاو (التشبیة المؤكد)ە.

٢ . ٢ . ١٧: لێچواندنی وێنەیی

ئەم جۆرە لێچواندنە لە ڕووی زاراوەوە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا بە (التشبیة المركب) و (التشبیة التمثیل) ناودەبرێت، لە ڕەوانبێژیی كوردیشدا جگە لە لێچواندنی وێنەیی ئەوا لێچواندنی لێكدراو و وێنە بە وێنەشی بۆ بەكاردەبرێت، كە شاعیر جاری وایە لە دێڕە شیعرێكدا یا لە چوارینەیەكدا وێنەیەک دروستدەكات لە بەرانبەریشدا وێنەیەكی دیكە، واتە لێچواندنەكە بە شێوەی وێنەیی دەبێت، و وێنەیەک بە وێنەیەكی دیكە دەچوێنرێت، كە ڕووی لێكچوونەكەشی وێنەیەكە لە چەند شتێكەوە وەرگیرابێت (عەلی، ٢٧١٥: ٣٤)، هەروەک ئەم نموونانە:

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا**
**مێرووڵە نەچێ چاكە بە گژ قوللەیی قافا**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٣٣)

شاعیر وێنەی شەڕكردن و پەلاماردانی (عەشیرەتی جاف)ی بە وێنەی ئەو مێرووڵەیە چواندووە، كە پەلاماری قولەی قاف یا ئەو كێوە ئەفسانەیە دەدات، كە لە داستانە كۆنەكاندا هاتووە، و گوایە ئەوەندە گەورەیە (خۆر) لە پشتی ئەو خۆی حەشاردەدات، و بەیانیان دەردەكەوێت.

**شێخ ڕەزا بێت و لەسەر تۆ هەجووی قازیی كۆی بكا**
**سەیری كە چی بكا، دۆم بێ و كڵاش بۆ خۆی بكا**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٣٨)

شاعیر لە نیوەدێڕی یەكەمدا وێنەی توانست و هەجووبازی خۆی بە وێنەی ئەو وەستا كەڵاشەچییە دەچوێنێت، كە كەڵاشەیەكی تایبەت بۆ خۆی دروست بكات.

**لامیعی شاعیر بە هەر مەجلیسێ بچێ خەڵكی ئەڵێن**
**بولبولی دەستان سەرا، مورغی غەزەل خوان هاتەوە**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 92)

شاعیر لە نیوەدێڕی یەكەمدا وێنەی توانست و زمانی شیعری خۆی كردووە، و بە بولبولی دەنگ خۆشی چواندووە لە نیوەدێڕی دووەمدا.

**حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەكەڵڵا لەم سەر و ڕیشە**
**كە گوێدرێژێ بە تەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 96)

(حەمەی وەستا فەتاح)ی بە ڕیشەوە، لە كەری بارەقامیش لێنراو چواندووە.

ج

٢ . ٢ . ١٨: خواستن

یەكێكە لە هونەرە قسەییەئاشكراكان، كە بۆ دەربڕین، و ئاشكرابوونی مەبەست بەكاردەهێنرێت، بە گشتی "بریتییە لەوەی، كە وشەیەك بۆ مانای ڕاستەقینەی خۆی بەكارنەهاتبێت، بەڵكو بۆ مانایەكی تر خواسترابێت، و پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێت" (أحمد، ٢٠٠٩: ٥٠)، واتە دەكرێت بگوترێت: "خواستن لقێكی خوازەی زمانییە، بریتییە لە هێنانی وشەیەک لە ڕستەدا بۆ مانایەكی دیكە، جیا لە مانای دروست و فەرهەنگی خۆی، بەو مەرجەی پێوەندیی نێوان واتای دروست و واتا خوازەییەكەی لێكچواندن بێت، لەگەڵ بوونی قەرینەیەكیش، ئەو قەرینەیە ڕێگربێت لەوەی مەبەست لەو ڕستەیە واتای خوازەیی وشەكەیە نەک واتای دروست" (عەلی، ٢٧١٥: ٨٥)، بەوەش لە لێچواندن جیادەبێتەوە، كە لە خواستندا تەنیا دەبێت یەكێك لە بنەماكانی لێچواندن هاتبێت یان (وێچوو) یان (وێچوێنراو)، و نابێت ئەوزار هەبێت (سەجادی، ١٩٧٨: ٦٤ ـ ٦٥)، بۆ نموونە:

**لە هەر لایەكە ڕاستت دی سەلامی لێ بكە قوربان**
**گوریسی ناو هەمانە پێم ئەڵێ ڕاستی قوربان**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: 79)

لێرەدا هونەری (خواستن) بەرچاودەكەوێت، خواستنەكەش لە وشەی (گوریس)دایە، شاعیر سیفەتی پێچاوپێچی گوریسی داوەتە پاڵ مرۆڤ، كە وێچوێنراوە و نەهاتووە، بەڵام وێچووەكە (گوریس) ئاشكرایە.

**دامەنێ بۆ باز و شاهێن داوی پەشمین ئەی كەرە**
**كەر كە داینا داوی پەشمین هەر بە پاشووی پێوەبوو**
(خاڵ & ئاشنا، ٢٠٠٣: ٨٢)

لەم دێڕە شیعرەشدا شاعیر (كەر)ی خواستووە بۆ (مرۆڤ) و ناوی نەهێناوە، بۆیە خواستنەكە دەبێتە خواستنی ئاشكرا، چونكە (لێچوو) لادراوە و تەنیا (لەوچوو) ماوەتەوە.

## ئەنجامەكان

**لە شیكردنەوەی دركپێكراوەكانی نێو توێژینەوەكە دەگەینە ئەوەی:**

١. ڕەوانبێژی و پێكهێنەرەكانی تاوەكو ئێستا وەكو پێویست لە نێو ئەدەبی كوردیدا گرنگی پێنەدراوە و لێی نەتوێژراوەتەوە، هەرئەمەش وایكردووە لە فرە پێناسەیی و فرەزاراوەیی و بۆچوونی جیاواز دەربازی نەبێت، هەروەها زۆرینەی ئەو توێژینەوانەشی كراون لە فۆرم و ناوەرۆكدا هاوشێوەن.

٢. یەكێک لەو پاشخانە شیعرییانەی شاعیرانی كلاسیكی بۆ شیعرەكانیان بەكاریان بردووە زانستی ڕەوانبێژییە، كە لە هەریەكە لە لقەكانی (ڕوونبێژی ـ جوانكاری ـ واتاناسی) پێكدێت، و هەریەكێک لەمانەش چەند ئەرک و ئامانجێكی تایبەت بە خۆی هەیە، كە ڕوخسار و ناوەرۆكی شیعرەكانیان پێڕازاندووەتەوە، و شیعریەتێكی بەرزی بە بەرهەمەكانی بەخشیون، بۆیە ناكرێت كار و توێژینەوە لەو جۆرە شیعرانەدا بكرێت و پێوەر و پێودانگە ڕەوانبێژییەكان بۆ هەڵسەنگاندنیان لەبەرچاونەگیرێت.

٣. جوانكاری زانستیكی نێو زانستی ڕەوانبێژییە، هەربۆیە بەهێزترین و كاریگەرترین هونەرەكانی ڕەوانبێژی لەم هونەرەدا كۆبوونەتەوە، كە بەسەر دوو جۆری سەرەكیدا دابەش دەبێت، ئەوانیش (جوانكاریی وشەیی و واتایی)یە، و شێخ ڕەزای شاعیریش زۆر بە دیقەت و وردبینییەوە هونەرە جۆراوجۆرەكانی ئەم جوانكارییانەی لە شیعرەكانیدا بەرجەستەكردووە.

٤. شاعیر (شێخ ڕەزا) توانیویەتی بە شێوەیەكی بەرچاو لە نێو دەقە شیعریەكانیدا زۆرینەی هونەرەكانی ڕەوانبێژی بەكاربهێنێت، و ئەو پەیامەی لە نێویدایە بیگەیەنێت، دیارە ئەمەش بە هۆی ئەزموون و توانست و شارەزایی و زمانپاراویی خۆیەوە بووە، بوونی هونەرە جۆراوجۆرەكانی ڕەوانبێژی لە

شیعرەکانیدا هۆکارێکی سەرەکی و یارمەتیدەرن بۆ ناسکی و جوانکردن و بە کاریگەری دەرکەوتن و مانەوەی شیعرەکانی.

٥. لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە تێگەیشتن ئاسان دەکات و چێژی شیعری دەبەخشێت، شاعیر جوانترین وێنەی لە ڕێگەی ئەو هونەرانەوە بنیاتناوە و ڕوونکردنەوە و کورتبڕی لە مەبەستەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەم هونەرانەوە بەرجەستە کردووە، بە واتایەکی دیکە مەبەستی سەرەکی لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و هونەرەکانی گەیاندنی مەبەست و قسەیە بە شێوازێکی تایبەت و دابڕینیەتی لە قسەی ئاسایی.

٦. ڕەوانبێژی، زانستێکی چڕ و پڕ و فرە هونەرە، بە هۆیەوە تاکە واتایەک بە ڕێگە و شێوازی ئەدەبی لێکجیا پێشکەش دەکرێت، و دەیان وێنەی ئەدەبی کاریگەر و سەرنجراکێش بەرهەم دەهێنرێت، ئەم هونەرنواندن و بەکارهێنانەی ڕەوانبێژییەش بە ئاشکرا لە شیعرەکانی شێخ ڕەزادا ڕەنگیداوەتەوە،و هونەرمەندی و باڵادەشتی شاعیر بە ئاشکرا هەستپێدەکرێت.

## سەرچاوەکان


✎ قورئانی پیرۆز

یەکەم: بە زمانی کوردی

- ئەحمد، ئاری صبحی (٢٠٠٩)، *غەزەل و قەسیدەکانی حاجی قادری کۆیی لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.
- ئیبراهیم، محمد سید (١٣٦٤)، *گەشتێ لە عیلمی بەلاغە*، چاپ اول، چاپخانەی مهارات، تهران.
- بەسیر، کامیل حەسەن (١٩٧٨)، *زاراوەی کوردی*، بۆ ساڵی یەکەم، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی ئاداب، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- پارسا، سەید ئەحمەد (1397)، *جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیشراف، پەخشانگای نالی، سنە.
- جامی، بەهار عەبدولجبار (٢٠١٦)، *هونەرەکانی جوانکاری لە شیعرەکانی (عەونی)دا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
- حسێن، هەژار فەقێ سلێمان (٢٠١٤)، *ڕوونبێژی لە شیعری(مەحوی)دا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز & مستەفا، مستەفا سەید مینە (٢٠١٦)، *ڕوخساری شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٦)، ساڵی سێیەم، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- خاڵ، شێخ محەمەد & ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٣) *دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خاڵ، شێخ محمد (٢٠٠٥)، *فەرهەنگی خاڵ*، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار، مارف (2004)، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- دزەیی، عبدالواحید موشیر (٢٠١٥)، *پراگماتیک و ڕەوانبێژی*، چاپی یەکەم، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٨٣) *ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨)، *خۆشخوانی*، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
- سەجادی، عەلائەدین (١٣٨١)، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، کتابفروشی معارف، سردشت.
- سەفی زادە، سەدیق بۆرەکەیی (٢٠٠٨)، *مێژووی وێژەی کوردی*، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- شەعیا، ڕۆکان گۆریل (٢٠١٤)، *هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا*، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- شەعیا، ڕۆکان گوریل (٢٠١٦)، *هونەرەکانی (هێنانەوە) (گێڕانەوە) (پاتکردنەوە) لە شیعری (گۆران)ی شاعیردا*، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، ژمارە (٦)ی ئازار، بەشی (B) خولی سێیەم، دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی، هەرێمی کوردستان، سلێمانی.
- عارف، محەمەد نوری (بەبێ ساڵ)، *تێکستی ئەدەبی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عوسمان، فائیزە عەبدولغەفور (٢٠١٠)، *دژواتا لە شیعرەکانی گۆراندا*، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٢)، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، هەولێر.
- عومەر، حەسەن عەلی (٢٠١٥)، *ڕەوانبێژی لە هۆنراوەکانی صابریدا (لێکچواندن بە نموونە)*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٥)ی ساڵی پێنجەم، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- عەبدولڕەحمان، عەبدولسەلام سالار (٢٠٠٠)، *هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٠٣)، *جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١١) *لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا* . بە نموونەی حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٢)، جوانکاری لە *شیعری کلاسیکی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەلی، دنیا شەهاب (٢٧١٥)، *هونەری ڕوونبێژی لە شیعرەکانی (بێخود)دا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
- فەرحان، مەریوان حوسێن (٢٠١٤)، *جوانکاری لە شیعری (وەفایی)دا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- قەرەداخی، حەمە ڕەشید (٢٠٠٦)، *فەرهەنگی ئازادی* (ئینگلیزی ـ کوردی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و نەشرگەی احسان، چاپخانەی اسوە، (بێ شوێن).
- کاکەڕەش، ئومێد & (٢٠٠٥) *دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی*، پێداچوونەوەی: حەمەبۆر، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر، سلێمانی.
- گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا (٢٠١٣)، *بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی ـ ڕوونبێژی ـ جوانکاری)*، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٢)، *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*، بەرگی یەکەم (ڕوونبێژی) چاپخانەی دارالجاحظ، بەغدا.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*، بەرگی دووەم (جوانکاری)، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٨)، *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا*، بەرگی سێیەم (واتاناسی)، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی.
- لەک، هۆشیار نوری (بەبێ ساڵ)، *گوڵبژێرێک لە پەندی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠٠٧)، *هەندێ هونەری جوانکاری لە شیعرەکانی (پیرەمێرد)دا*، ئەکادیمی، کۆواری کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە (٦)، کوردستان ـ هەولێر.
- مودەڕیس، مەلا عبدالکریم (١٩٩١)، *بەدیع و عەرووزی نامی*، چاپخانەی دار الجاخظ، بەغدا.
- ناوخۆش، سەلام & خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا & عەبدوڵلا، ئیدریس (٢٠١٠)، *کوردۆلۆجی*، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- نوری، ڕۆژان (٢٠٠٧)، *فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی*، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- هەژار (١٣٦٩)، *هەنبانەبۆرینە* (فرهنگ کوردی ـ فارسی)، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران.

دووەم: بە زمانی عەرەبی

- البستانی، المعلم بطرس (١٩٨٧)، *محیط المحیط (قاموس مطول للغة العربیة)*، طبعة الاولی، مکتبة لبنان، بیروت.
- القزوینی، جلال الدین محمد بن عبدالرحمن (٢٠٠٤)، *الایضاح فی علوم البلاغة*، الطبعة الاولی، المکتبة العصریة للطباعة والنشر، دارالنموذجیة، صیدا، بیروت.
- المیصری، ابن منظور الافریقي (٢٠٠٣)، *لسان العرب*، المجلة الثاني، الطبعة الثانية، دارصادر، بیروت ـ لبنان.
- الهاشمي، سید احمد (٢٠٠٦)، *جواهر البلاغة فی (المعانی والبیان والبدیع)*، الطبعة الاولی، دارالکتب العلمیة، بیروت ـ لبنان.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

- Hornby, A. S. (2004), *Oxford Advanced Learner's dictionary.* 6th ed. Edited by Wehmeier, S. and Ashby, M. iran: Jungle press.




View publication stats